ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752922

# سەبارەت بە مێژوو نوسیی ئەدەبی کوردی

**Conference Paper** · January 2013

CITATIONS
0

READS
276

1 author:



Osman Hamad Dashti
Koya University
**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# سەبارەت بە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی

**پ. ی. د. عوسمان دەشتی**

**فاکەلتی پەروەردە**

**سکوولی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی**

**زانکۆی کۆیە**

**پێشەکی:**

**هەوڵەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو بە دەیان کتێب و بەرهەمی پێشکەش بە دنیای ڕووناکبیری کوردی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی پێڕەوی لە ڕێباز و میتۆدێکی گونجاو و زانستی کردبێت، کە بەرەنجامی هەڵسەنگاندنێکی وردی بابەتی و هەڵهێنجراوی ئەو تایبەتمەندی و ڕێسا و بنەما ناوخۆییانەی ئەو سامانە ئەدەبییە فرە چەشن و دەوڵەمەندە بێت کەوا گەلی کورد لە قۆناغ و سەردەم و شوێنە جیاوازەکاندا بەرهەمی هێناوە.**

**لێرەوە ئەم کورتە باسە هەوڵێکە سەبارەت بە چۆنییەتی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتیش لە خەمی وەڵامدانەوەی ئەو پرسە گرنگە دایە؛ کە ئاخۆ مێژووی ئەدەبی کوردیمان چۆن بنووسینەوە؟، یاخود بە دیوێکی دیکەدا دەپرسین؛ کەوا چۆن دەتوانین مێژووی ئەدەبی کوردیمان بەشێوەیەکی لەبار و گونجاو و زانستی قۆناغبەندی و فۆرمەڵە بکەین و سنووری نێوان قۆناغەکان و قوتابخانەکانی دەستنیشان بکەین. باسەکە بە شێوەیەکی گشتی لە چەند تەوەر و بڕگە و بابەتی سەرەکی پێك دێت بەم شێوەیەی خوارەوە:**

## تەوەری یەکەم

**١/١/ شوێنی مێژووی ئەدەب لە نێوان لقەکانی زانستی ئەدەب، (ئەدەبیاتناسی)دا.**

**١/٢/ ئەزموونی گەلان لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی نەتەوەییدا.**

**١/٢/١/ مێژوونووسیی ئەدەبی لای گەلانی دەر و دراوسێ: (أ/ عەرەب – ب/ فارس – جـ/ تورك).**

**١/٢/٢/ مێژوونووسیی ئەدەبی گەلانی ئەورووپا.**

## تەوەری دووەم

**٢/١/ تیور و میتۆدەکانی مێژوونووسیی ئەدەبیات.**

**٢/١/١/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەبی بە گوێرەی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی.**

٢/١/٢/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەبی بە پێی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان.

٢/١/٣/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەب بە گوێرەی هونەرەکانی ئەدەب.

٢/١/٤/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەب بەپێی تایبەتمەندی مێژوویی و پەرەسەندنی ژانەرەکانی ئەدەبی.

٢/١/٥/ تیوری مێژوونووسی ئەدەبی وەکو بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی.

## تەوەری سێیەم

٣/١/ هەوڵەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی.

٣/٢/ لە پێناوی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیدا، لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

٣/٣ مێژووی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی سێ قوتابخانەی ئەدەبیدا:

أ- قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی.

ب- قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی.

جـ- قوتابخانەی ئەدەبی بابانی.

٣/٤/ ئەزموونەکانی ئەدەبی کوردی

٣/٥/ کێشەو گرفتی ئەم جۆرە دابەشکردنە:

٣/٦/ قۆناغبەندی ئەدەبی کوردی بەپێی بنەمای هێڵی مێژوویی:

- ئەنجام:
- پەراوێزەکان.
- سەرچاوەکان.
- پوختەیەکی زمانی عەرەبی.
- کورتەیەکی زمانی ئینگلیزی.

## تەوەری یەکەم

### ١/١/ شوێنی مێژووی ئەدەب لە نێوان لقەکانی زانستی ئەدەب (ئەدەبیاتناسی)دا:

ئەدەبیات ناسی خۆی لە سێ لقی بنچینەیی پێك دێت:

أ- تیوری ئەدەبی.

ب- ڕەخنەی ئەدەبی.

ت- مێژووی ئەدەبی.

لەپاڵ ئەم دابەشبوونە گشتییە[١] لە ڕەخنەی تازەدا بابەتەکانی پەیوەست بە (ئەدەبی بەراوردکاری) و (ڕێبازە ئەدەبییەکان) و هەندێ جار (جوانی ناسی – ئێستاتیکا)شی بۆ زیاد دەکرێت تا ئەوەی دەکرێت بە پێنج یا شەش لقە زانست، لەگەڵ ئەوەی کە بەراوردکاریی ئەدەبی زانستێکی نوێیە و ڕێبازەکانی ئەدەبیش زیاتر پەیوەستە بە ڕەخنەی ئەدەبی و دەچنە نێو بۆتەی ڕەخنەوە و جوانی ناسیش ڕگەزێکی ناوەندییە لە سروشتی ئەدەب خۆیدا[٢].

ئەوەی پەیوەندی بە هەردوو بەشی (تیوری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی)یەوە هەیە کە ئەمانە وەکو دوو لقی زانست هەر یەکەی ستانداردێکی جیهانی و گشتییان هەیە و لە هەموو شوێن و لای هەموو میللەتانی دنیا وەکو یەکن. بە نموونە (تیوری ئەدەب) لە گریمانە و تیورەکانی دەرکەوتن و پەیدابوونی ئەدەب و بنەماکانی و سروشت و ئەرکی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، هەر لە تیوری لاسایی کردنەوە لەلای ئەفلاتوون و ئەرەستۆوە بیگریت تا ڕەنگدانەوە و پەیوەندی لە نێوان ئەدەب لەلایەك و زانستەکانی وەکو فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونزانی و مێژوو لەلایەکی دیکەوە دەگرێتەوە[٣]. بەکورتی تیوری ئەدەب لەلای هەموو میللەتان وەکو بەشێك لە زانستی ئەدەب دەناسرێت کە لە مەسەلەکانی تایبەت بە جەوهەری داهێنانی ئەدەبی و ژانەرە ئەدەبییەکان و شێوەی دەربڕین و درك پێ کردنیان دەکۆڵێتەوە[٤].

سەبارەت بە (ڕەخنەی ئەدەبی)ش بەهەمان شێوە زانستێکی دەبناسییە لەسەر ڕەگەز پێکهێنەرەکانی ئەدەب دەوەستێ و لە نرخ و بەهای شوێنەوارە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە و لەژێر ڕۆشنای میتۆد و قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە وێنەی قوتابخانەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، دەروونشیکاری، مێژوویی، تا بە میتۆدە نوێکانی وەکو سیمۆلۆجی و شێوازگەری و هەڵوەشانەوەیی ڕادەگات لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و پلەو نرخ و بەهای دەستنیشان دەکات[٥]. ئەم بابەتەش لە مەیدانی ئەدەبیاتناسیدا لە هەموو گۆشە و کەنارێکی جیهاندا هەر یەکێکە و جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان تیور و توێژەرانیدا بەدی ناکرێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە لە سێ بەشە بنچینەییەکەی زانستی ئەدەب بریتییە لە (مێژووی ئەدەب)، کەوا لەگەڵ ئەوەی لە چەمك و پێناسە و چوارچێوەی گشتیدا بریتییە لە کۆکردنەوە و نووسین و تۆمارکردنی (بە دیکۆمێنت کردن)ی بەرهەم و سامانی ئەدەبی لەسەردەمانی پێشین و ڕابردوودا، بەڵام لە جەوهەر و ناوەڕۆکدا تایبەتمەندییەکی تاك و سەربەخۆی هەیە کە بریتییە لەوەی هەر گەل و میللەتێك مێژووییەکی ئەدەبی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، کە بە (مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی) دەناسرێت و لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبی جیهانی شوێنێکی تایبەتی دەبێت. بۆیە لەلای هەر گەل و نەتەوەیەك ڕووبەڕووی

جۆرێکی تایبەت لە مێژوونووسی ئەدەبیات دەبینەوە کە هەڵقوڵاوی سروشت و ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ژیان و ئەدەبیاتی میللەتەکە خۆیەتی. ئەم فرەییە لە ڕێبازەکانی مێژوونووسی ئەدەبی (بە جیاوازی لەگەل دوو بەشەکانی دیکەی زانستی ئەدەب کە لە بەرایی باسمان کردن)، شتێکی سروشتی و کارپێکراوە، ئەگەر هات و مێژووی ئەدەبی بەشێك لە گەلانی ئەوروپای لێ دەربهاوێژین کە میرات و سەرچاوەی کەونارای زمان و ئەدەبیاتیان هەمان شتە و ئەویش زمانی لاتینی و ئەدەبی دێرینی گریکی و رۆمانییە.

لێرەوە هەر گەل و نەتەوەیەك لە سەرگۆی زەوی بە جۆرێك مێژووی ئەدەبیاتی خۆی تۆمار دەکات کە لەگەڵ سروشتی مێژوویی و سەرهەڵدان و پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبیاتەکەی بگونجێت و ڕێك بێتەوە.

ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییە فرەییەی مێژوونووسی ئەدەبیات لەلای میللەتان، دەبێت بە خەم و پاڵنەرێك بۆ ئەوەی کوردیش بیر لە چۆنییەتی تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بکاتەوە و شێوە و ڕێباز و میتۆدی گونجاو و پڕ بە پێستی بۆ هەڵبژێری و بە گوێرەی تایبەتمەندی و ئەدگار و سروشتی ئەدەبیاتەکە خۆی قوناغبەندی بۆ بکات.

### ١ / ٢ / ئەزموونی گەلان لە ڕەوتی مێژوونووسیی ئەدەبیاتدا:

گوتمان تایبەتمەندی ئەم لقەی ئەدەبیاتناسی لەوەدایە کە هەرگەل و نەتەوەیەك مێژوویەکی ئەدەبی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەوە ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوونووسیی ئەدەبی گەلانی دوور و نزیك بدەینەوە، بەرچاوڕوونییەکمان دەست دەکەوێت و ئەم ڕاستییەمان بۆ زیاتر یەکالا دەبێتەوە:

### ١ / ٢ / ١ / ئەزموونی گەلانی دەرو دراوسێ لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی:

### ١ / ٢ / ١ /أ/ مێوونووسیی ئەدەبی عەرەبی:

زۆرینەی مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی مێژووی ئەدەبیاتی عەرەبی بەسەر چەند قۆناغ و سەردەمدا دابەش دەکەن بەم شێوەیە:

١- سەردەمی جاهیلی.
٢- سەردەمی ئیسلام.
٣- سەردەمی ئەمەوی.
٤- سەردەمی عەبباسی.
٥- سەردەمی دەوڵەتۆکە و میرایەتییەکان (زەبوونی – إنحطاط).

٦- سەردەمی نوێ[٦].

ئەم جۆرە لە قۆناغبەندی لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا هاوتا لەگەڵ قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی (عەرەبی – ئیسلامی)دا یەك دەگرێتەوە، دیارە ڕەخنە و تێبینییەکی بەجێ کە لەم شێوە قۆناغبەندییە مێژوویی و سیاسی و ئەدەبییەدا بگیرێت، لەوەدایە کەوا پێویست دەکات قۆناغە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی بابەتی و زانستی لەسەر بنەمای پێودانگی ئەدەبی و هونەری خالیس دامەزرابن، بەڵام هات و هەنگاوەکان لەتەك مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکریشدا یەکی گرتەوە ئەوا خەوشێك لە ئارادا نابێت، بە مەرجێ خالی دەستپێك و کۆتایی لە سەر هێلی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك ئەدەبەکە خۆی بێت وەکو ئەدەب[٧].

## ١/٢/١/ب/ مێژوونووسیی ئەدەبی فارسی:

لە مێژوونووسیی ئەدەبیاتی فارسیدا دوو ڕێباز گیراوەتە بەر:

یەکەمیان نووسینەوەی مێژووی ئەدەبە پێ بە پێی زنجیرەی ساڵنامە و سەدەکان، بە واتا دابەشکردنی تەواوی مێژووی ئەدەبی فارسییە بۆ سەر چەند سەردەم و چاخێك، کە هەر یەکەیان سەدەیەك یا چەند سەدەیەك دەگرێتە بەرو تیایدا ڕەوڕەوەی گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ژیان و بەرهەمی ئەدەبی و فیکری نووسەران و شاعیرانی سەردەمەکەش یەکلایی کراوەتەوە. بۆ وێنە مێژوونووسانی ئەدەبی فارسی لە وێنەی: (ئەدوارد براون) لە (تاریخ ادبیات در ایران)[٨]، (د. ذبیح الله صفا) لە (تاریخ ادبیات ایران)[٩]، (جلال الدین همایی) لە (تاریخ ادبیات ایران)[١٠] ئەم ڕێبازەیان پێڕەو کردووە و مێژووی ئەدەبیانی فارسییان لە ڕۆژەکانی هەرە کۆنەوە تا سەردەمی نوێ بە پێی سەدەکانی (میلادی و کۆچی) بەسەر چەند چاخ و سەردەمدا دابەش کردووە جاری واش هەیە ئەم سەردەم و قۆناغە ئەدەبییانە لەگەڵ قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ئێرانی یەکانگیر بوونەتەوە.

بەشی دووەم لە مێژوونووسانی ئەدەبی فارسی لە دەروازەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ مێژوونووسیی هەردوو هونەرە سەرەکییەکەی ئەدەبی فارسی (بە شیعر و پەخشان)ەوە چوون و مێژووی پەخشانیان بۆ سەر چەند چاخ و سەردەمێك دابەشکردووە بە ناوی (ادوار نثر فارسی)، بۆ شیعریش بە ناوی (ادوار شعر فارسی)، ئەنجا لە ڕوانگەی زمانەوانی و شێوازەوە بە ناونیشانی (سەبکی ئەدەبی) لە مێژووی پەرەسەندنی ئەدەبەکەیان بە هەردوو لقی پەخشان و شیعرەوە کۆلیوەتەوە و بۆ هەر سەردەمێك جۆرێك لە سەبك و شێوازیان دەستنیشان کردووە، ئەنجا لەبەر ڕۆشنایی ئەو میتۆدە لە سامان و بەرهەمی ئەدیب و نووسەر و

**شاعیرانی ئێرانیان کۆلیوەتەوە. ئەمانە مێژووی هونەرەکانی ئەدەبی فارسییان بەسەر پێنج دەورەی سەبکی دا دابەش کردووە بەم شێوەیە:**

١- **سبك خراسانی.**
٢- **سبك هندی.**
٣- **سبك عراقی.**
٤- **سبك دوره بازگشت.**
٥- **سبك ادب نو.**

**لێکۆڵەر و مێژوونووسانی ئەدەبی فارسی لە وێنەی (ملك الشعری بهار)[١١]، (د. سیروس شمیسا)[١٢]، (د. شفیعی کدکنی)[١٣] پێڕەویان لەم ڕێبازە کردووە. ئەم توێژەرانە هەر یەکەیان لەنگەری بایەخیان خستۆتە سەر یەکێك لە دوو هونەرە سەرەکییەکەی ئەدەب، بە نموونە بەهار لە کتێبێکی سێ بەرگیدا لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی زمانەوانی مێژوویی لە دەورەکانی (سبك نثر فارسی) کۆڵیوەتەوە، شەمیسا و کدکنی بایەخیان بە (سبك شعر) داوە، بەم جۆرە قۆناغەکانی مێژووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەدەبیاتیان لە ڕێگەی سەرهەڵدان و گۆڕان و پەسەرەندنی زمان و شێوازی هەردوو هونەرە سەرەکییەکانی ئەدەبی فارسی نووسیوەتەوە.**

## ١/٢/١/جـ/ مێژوونووسیی ئەدەبی تورکی:

**مێژوونووسی ئەدەبی تورکی (کوپرلی زادە محمد فؤاد) لە کتێبی (Turk Edebiyati Tarihi)دا نووسیویەتی کەوا ئەدەبی تورکی لە دەستپێکەوە تا ئەمڕۆ بەقەڵەمی درشت بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:**

١- **قۆناغی بەر لە ئیسلامەتی.**
٢- **قۆناغی کارتێکردنی شارستانییەتی ئیسلامی.**
٣- **قۆناغی کارتێکردنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا.**

**ئەنجا هەر یەکێك لەم قۆناغانە بەسەر ڕۆژگار و بزاوتی ئەدەبی و مێژوویی جیا جیادا دابەش کراون[١٤].**

**وەکو دەبیندرێت ئەم قۆناغبەندییەی مێژوونووسیی ئەدەبیاتی تورکیش لە ژێر ڕۆشنایی کارتێکردن و بڵاوبوونەوەی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کلتووری و ئایینی ئیسلام داڕێژراوە تا دەگاتە هووروژمی شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە سەدەکانی مێژووی نوێی ناوچەکەدا.**

لێرەوە دوای ئەوەی کورتەیەکی میتۆد و قۆناغەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی هەرسێ نەتەوەی سەرەکی ڕۆژهەڵات خرایە ڕوو مرۆڤ بە ڕوونی درك بەو ڕاستییە دەکات کە مێژوو و کلتووری ئیسلامەتی ڕۆڵی فاکتەری سەرەکی دەبینێت لە دەستنیشانکردنی قۆناغە مێژووییەکانی ئەدەبیاتی ئەو گەل و نەتەوانە.

## ١/٢/١/ مێژوونووسیی گەلانی ئەوروپا:

بەو هۆیەوە چاوگە مێژوویی و دێرینەکانی زمان و ئەدەبیاتی گەلانی ئەوروپا بە شێوەیەکی گشتی لەیەك سەرچاوەوە هەڵقولاون و پەرەیان گرتووە، کە ئەویش زمانی لاتینی و کلتوور و ئەدەبیاتی گریکی و ڕۆمانییە، بۆیە لە مێژوونووسیی ئەدەبی میللەتانی ئەوروپادا جۆرێك لە هاوچەشنی و چۆن یەکی بەدی دەکرێت. ئەوان بە پێی ڕێڕەوی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەدەبیاتەکەیان لەگەڵ ڕەوتی زەمانە لە چوارچێوەی چەند ڕێباز و قۆتابخانەیەکی ئەدەبیدا، چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەدەبییان لەسەرەتاوە بۆ ئەمرۆ دەستنیشان کردووە، هەر قۆناغێکیشان بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی ناوزەد کردووە بەم ڕەنگەی لای خوارەوە(١٥):

١- قۆناغی بەر لە کلاسیزم (سەدەی ٨ تاوەکو ٦ی پ . ز).
٢- قۆناغی کلاسیزمی دێرین (سەدەی ٦ پ . ز تا سەدەی ١٣ زایینی).
٣- قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست (١٣٠٠ – ١٤٥٠).
٤- سەردەمی ڕێنیسانس (١٤٥٠ – ١٦٥٠).
٥- قۆناغی کلاسیزم (١٦٥٠ – ١٧٠٠).
٦- سەردەمی ڕۆشنگەری (١٧٠٠ – ١٨٠٠).
٧- قۆناغی ڕۆمانسیزم (١٨٠٠- ١٩٠٠).
٨- ڕیالیزم ..... سیمبۆلیزم ........ سوریالیزم .......(١٦).

هات و خوێندنەوەیەکی ورد بۆ قۆناغ و قوتابخانەکانی مێژووی ئەدەبی ئەوروپا ئەنجام بدەین، دەبینین بە ڕوونی شەقلی پەرەسەندنی شارستانییەتی ئەوروپاییەکانی تیادا ڕەنگی داوەتەوە.

# تەوەری دووەم

## ٢/١/ تیور و میتۆدەکانی مێژوونووسیی ئەدەبیات:

ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو قۆناغی مێژوویی سەرەکیدا دابەش دەکرێت:

**قۆناغی یەکەم**: ئەدەبیاتی سەرزارەکی (فۆلکلۆر).

**قۆناغی دووەم**: ئەدەبیاتی نووسراو.

لێرەدا مەبەست لە مێژوونووسیی ئەدەب، بەشی دووهەمە واتا (ئەدەبی نووسراو). ئەگەر هات و ئەدەب بە هونەر و داهێنانی قسەی جوان پێناسە بکەین، ئەوا مێژووەکەی دەبێت ئەو کتێب و تۆمارە بێت کە هەموو قسە و داهێنانێکی هونەری و جوانی میللەتی تیادا تۆمار کرابێت لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا. لەمەوەش کۆی ژیننامە و بەرهەمی ئەدەبی شاعیران و نووسەرانی دەگرێتەوە بە هەموو چەشن و جۆرە ئەدەبییەکان و هەموو قۆناغەکانی گەشە و نەشە و پەرەسەندن و پێشکەوتنی هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ، لێرەوە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کەمەبەست تەنها کۆبەرهەمی هونەری ئەدەبییە بە شیعر و پەخشانەوە دوور لە بەرهەمە زانستی و فکرییەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە وێنەی؛ مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، دەروونزانی و ... تاد. ئەنجا دەستنیشانکردنی وەها چوارچێوەیەك بۆ (مێژووی ئەدەب) وەکو زانستێکی سەربەخۆ، ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێگە لەبەردەم مێژوونووسی ئەدەب بگیرێت بۆ دەستبردن و سوود وەرگرتن لە زانستەکانی دیکە، لەوێنەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەمەبەستی پەی بردن بە بنەماکانی سەرهەڵدان و داهێنانی ئەدەبی لە هەر سەردەم و قۆناغێکی جیاوازدا. بەڵکو لە زۆر ڕۆژگار و سەردەمدا وا هەیە قۆناغەکانی مێژووی ئەدەب لەگەڵ قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا یەك دەگرێتەوە، بەڵام بە دوو ڕەوت و تێڕوانینی جیاواز کە ناشێت سنووری نێوان ئەم زانستە و ئەوانی دیکە تێکەڵاو بکرێن، مێژووی سیاسی – کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە شتێکە و مێژووی ئەدەب شتێکی دیکەیە. لە تەوەری یەکەمین دا باس لە ئەزموونگەلێك کرا کەوا میللەتانی دەوروبەر و دنیا لە مێژوونووسیی ئەدەبیی تایبەت بە خۆیاندا پێڕەوییان لێ کردووە، ئێستا با بزانین ئەو شێوە و تیور و میتۆدانە چین کە لە مێژوونووسیی ئەدەبیدا پێڕەوی لێ دەکرێت بۆ هەر گەل و نەتەوەیەکیش هەیە کە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی خۆیدا سوودیان لێ ببینێت:

## ٢/١/١/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەبی بەگوێرەی قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی:

جۆرێکە لە میتۆدی گێڕانەوەیی – وەسفی بۆ مێژووی ئەدەب و قۆناغەکانی لەبەر ڕۆشنایی سەدە و سەردەم و قۆناغەکانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا دەنووسرێتەوە. لەمەوە بەشی زۆری مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی ئەم ڕێڕەوەیان گرتووە لە تۆمارکردن و نووسینەوەی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا[١٨]. وەکو لێکۆڵەرێکی عەرەب دەڵێ: ئەمەیان بریتییە لە ڕێبازێکی گێڕانەوەی ئینشائی، لە کەڵەکە و کۆکردنەوە و تۆمارکردنی زانیاری بۆ هەر یەکێك لە قۆناغە مێژووییەکانی ئەدەبی عەرەبی

**وەکو چۆن لە (١/٢/١/أ)دا هاتووە[١٩]. هەروەها بەشێك لە مێژوونووسانی ئەدەبی فارسی و تورکیش هەمان ڕێچکەیان گرتووە وەك ئەوەی لە (١/٢/١/ب) و (١/٢/١/جـ)دا باسی لێ کراوە.**

**٢/١/٢/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەبی بەپێی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان:**

**ئەم پێڕەوە لە مێژوونووسیی ئەدەبیات دوا بە دوای چەکەرەکردنی ئەدەبی نەتەوەیی لەلای میللەتانی ئەوروپا پەرەی گرتووە لەو کاتەوەی ئەو کۆمەڵگایانە لە مێژووی نوێیاندا هەنگاوە سەرەتاییەکانیان بەرەو بنیاتنانی دەوڵەت و زمان و ئەدەبی نەتەوەیی هەڵهێناوە[٢٠]. بەو مەعنایەی بە دابڕاندنی ئەو میرات و پاشخانە هاوبەشە دێرینەی ئەدەبیاتی (گریگ و ڕۆمان و لاتین) لە ڕابردووی ئەو نەتەوانە، مێژووی نوێی ئەدەبی نەتەوەیی لای گەلانی ئەوروپا لە ڕۆژگاری ڕێنیسانسەوە سەرهەڵ دەدات و قۆناغبەندی دەکرێت بۆ سەر چەند ڕێباز و قوتابخانەیەکی پەرەگرتووی یەك بە دوای یەکدا بەم شێوەیە:**

**١- قوتابخانەی کلاسیزم.**

**٢- قوتابخانەی ڕۆمانسیزم.**

**٣- قوتابخانەی ریالیزم.**

**٤- قوتابخانەی سەمبۆلیزم.**

**٥- قوتابخانەی پارناسیزم.**

**٦- قوتابخانەی سوریالیزم..... تاد.**

**ئەم جۆرە لە دابەشکردن و قۆناغبەندییەی مێژووی ئەدەبی بۆ سەر چەند ڕێباز و قوتابخانەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەدەبیاتی گەلانی ئەوروپایە کە لە بنچینەدا ڕەنگدانەوە و هەڵقوڵاوی ڕەوتی گەشە کردن و پێگەیشتنی ئەو کۆمەڵگایانەیە لەگەڵ هی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش جیاوازە بۆیە مەرج نییە بەڵکو ناشگونجێ قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵات کۆپی کراوی ئەوان بێت. لێرەوە مێژوونووسیی ئەدەبی بە گوێرەی میتۆدی قوتابخانە ئەدەبییەکان وەك ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، لەتەك بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی و تیوری ئەدەب یەکانگیر دەبێتەوە و لە دواشیکردنەوەدا ئەدەب (وەك هونەر یا زانست) وەکو گشتێك سەیر دەکات و لێی دەکۆڵێتەوە، لە ئاکامی ئەمەشدا مێژووی ئەدەب دەبێت بە کۆی مێژووی ئەو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییانە کە لە وڵاتانی ئەوروپا لە کۆنەوە تاوەکو ئیمڕۆ پەرەیان سەندووە.**

## ٢/١/٣/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەب بە گوێرەی هونەرەکانی ئەدەب:

سامانی ئەدەبی وەکو دیاردەیەکی زمانی هەر لە سەرەتاوە لە (دوو بەش) یا (دوو هونەر)ی سەرەکی پێك هاتووە:

١- هونەری شیعر.

٢- هونەری پەخشان.

ئەنجا هەر یەکێك لەم هونەرانە لق و پۆپ و چەشن و جۆری جیاجیای لێ دەکەوێتەوە[٢١].

ئەم ڕێبازە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەب هەر لە سەرەتاوە ئەم دوو هونەرە لە یەکتری دادەبڕێ و هەر لقێکیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ وەردەگیرێت، ئەنجا ڕێڕەوی مێژوویی بۆ سەرهەڵدان و دابەش بوون و پەرەسەندن و پێشکەوتنی جۆرەکانی دەگرێتەبەر. ئەمەشیان میتۆدێکی وەسفیە کە یەکێك لە هونەرەکانی ئەدەب و بنەما و لق و جۆر و بەشەکانی وەردەگرێت هەر لەسەرەتای دەرکەوتن و نەشونمایەوە تاوەکو دوایی لەگەڵی دەڕوات بەدەر لە قۆناغبەندی کات و شوێن، واتا بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ لەتەك ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا[٢٢].

لەناو مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی (مصطفى صادق الرافعي) لە (تاريخ اداب العرب) پێڕەوی لەم ڕێبازە کردووە، لە چەند بەشی جیاجیادا مێژووی ئەدەبی عەرەبی بە گوێرەی هونەرەکانی ئەدەب لێکداوەتەوە. هەروەها (د. شوقی ضیف) لە دوو کتێبی (الفن ومذهبه في الشعر العربي) و (الفن ومذهبه في النثر العربي) ئەم ڕێبازەی هەڵبژاردووە و لە یەکەمدا لە هونەر و جۆرەکانی شیعری عەرەبی کۆڵیوەتەوە و لە دووەمیشدا هونەر و جۆرەکانی پەخشان. لەناو فارسەکان (محمد تقی بهار) سێ بەرگی کتێبی (سبك شناسی) بۆ مێژووی پەرەسەندنی زمان و شێوازی پەخشانی فارسی تەرخان کردووە و (سیروس شمیسا) (سبك شناسی شعر)ی بۆ مێژووی پەرەسەندن و پێشکەوتنی زمان و شێوازی شیعری فارسی تەرخان کردووە.

## ٢/١/٤/ تیوری مێژوونووسیی ئەدەب بەپێی ژانەرەکانی ئەدەب:


ئەمەیان لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە بنیاتی بەرهەم و جۆرە ئەدەبییەکان بە گوێرەی دەرکەوتن و گەشەکردن و پێشکەوتن و گۆڕانیان بێ ئەوەی سنوور لە نێوان جۆرە ئەدەبییەکانی شیعر لەگەڵ پەخشاندا بکێشرێت. لێرەدا مێژووی ئەدەب دەبێت بەکۆی مێژووی سەرجەم جۆرە ئەدەبییەکان کە لە هەرە کۆنینە و سەرەتاییەکانیەوە دەست پێ دەکرێت لە نموونەی لیریك، داستان، شانۆنامە، گوتار ...... ئەنجا بەپێی تیوری (گەشە و پەرەسەندن – التطور والارتقاء) ئەم ژانەرانە بە درێژایی مێژوو هەم ئالوگۆڕیان بەسەردا دێت هەم ژانەری تازەیان لێ لە دایك دەبێت، وەك ئەوەی چۆن، ڕۆمان وەکو ژانەرێکی نوێی ئەدەبی، لە هەقایەتی فولکلۆری و شیعری داستانییەوە داکەوتووە. لێرەدا مێژوونووسیی ئەدەبی شوێن پێی هەر یەکێك لە ژانەرە ئەدەبییەکان هەڵدەگرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا بەتێبینی کردنی کۆی ئەو ئال و گۆڕانەش کە بەسەر هەر ژانەرێك دادێت تا ئەوەی لە ئاکامدا کوێر دەبێتەوە یا ئەوەتا ژانەری تازە و نوێی لێ وەبەرهەم دێت.

دەستەیەك لە پسپۆڕانی یەكێتی سۆڤیەت لە كتێبی (نظرية الادب) مێژووی ئەدەبیاتیان بە گوێرەی سەرهەڵدان و نەشونماكردنی ژانەرە ئەدەبییەكان لێك داوەتەوە[٢٣].

هەروەها ئەو زنجیرە كتێبەش كە (د. جمیل نصیف التكریتی) لەژێر سەردێری (موسوعە نظرية الادب) كە هی زانایانی سۆڤیەتە و وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەمان میتۆدی پێڕەو كردووە[٢٤]، تۆژەری ئێرانی (سیروس شمیسا)ش چەند كتێبی لەم بارەوە نووسیوە[٢٥]. وەكو چۆن توێژەرە ئەوروپاییەكانیش لە لێكۆڵینەوە لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشكەوتنی ئەدەبیاتی ئەوروپا هەمیشە ئەم لایەنە ڕەچاو دەكەن.

### ٢/١/٥/ تیوری مێژوونووسی ئەدەبی وەك بەشێك لە سیستەمی كۆمەڵایەتی:

بەرلەوەی ئەم تەوەرە جێ بهێڵین پێویستە ئاماژە بە تیور و میتۆدێكی تازە بكەین كە بەمەبەستی مێژوونووسییەكی ئەدەبی نوێ بانگەشەی بۆ دەكرێت و لەچەند لایەنێكەوە تیۆریزە كراوە، ئەویش لەو گۆشە نیگایەوەیە كە ئەدەب و مێژووی ئەدەب وەكو بەشێك لە (سیستەمێكی هونەری) و لەپاڵ سیستەمەكانی ئایینی و پەروەردەیی دادەنرێت كە بە هەموویان هاوكاردەبن لە پێكهێنانی (سیستەمی ڕۆشنبیری) هەر كۆمەڵگایەك، ئەنجا ئەم سیستەمەی دوایی بەیاریكاری سیستەم گەلێكی دیكەی وەك، زانستی، ئابووری، سیاسی، دەبن بە كۆی سیستەمی كۆمەڵایەتی هەر گۆمەڵگایەك لەهەر سەردەمێكی زەمانیدا، وەكو چۆن لەم هێلكارییەدا بەدیار دەكەوێت:



**ئەنجا بۆ ناسین و لێکۆڵینەوەی هەر پلە و ئاستێکی ئەدەبی و (ئاستی هەر ژانەرێك)، لەهەر ڕۆژگار و سەردەمێکدا وا پێویستە لە چوارچێوەی کۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەدا تاوتوێ بکرێت. لێرەدا مێژووی ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەك لە ڕێڕەوی ڕابردووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و شارستانی ئەو گەلەوە هەڵ دەهێنجرێت.**

## تەوەری سێیەم

### ٣/١/ هەوڵەکانی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی:

**ئەم هەولانە بە هۆکاری مێژوویی و سیاسی وەکو هەر لایەنێکی دیکەی ژیانی ڕووناکبیری کۆمەڵگای کوردەواری دڕەنگ دەستی پێ کردووە. لایەنی بەپیت و درەوشاوەی ژیانی ڕووناکبیری نەتەوەی کورد ئەو گەنجیینە و سامانە ئەدەبییە بە بڕشت و دەوڵەمەندەیە کە بەمیرات بۆمان ماوەتەوە (لە فۆلکلۆر و لە ئەدەبی نووسراو). سەرەتاکانی سەدەی بیست دەشێ وەکو ڕۆژگار و سەردەمی ڕێنیسانس و بووژانەوە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری گەلی کورد سەیر بکرێت. مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی ئەگەر لایەنێکی بریتی بێت لە نووسینەوە و تۆمارکردنی ژیننامە و بەسەرهاتی شاعیران و نووسەران، ئەوا دەشێ پەنجە بۆ نامەیەکی (مەلا مەحموودی بایەزیدی/ ١٧٩٩- ١٨٦٠) درێژ بکرێت کە لە کاتی خۆیدا بۆ (ئۆگۆست ژابا/ ١٠٨٣ – ١٨٩٤) نووسیوە و تیایدا کورتەیەکی ژیاننامە و باسی شیعر و بەرهەم و دیوانی هەشت شاعیری کوردی تیادا تۆمار کردووە وەکو یەکەمین هەوڵی سەرەتایی بۆ تۆمار کردنی مێژووی ئەدەبی کوردی[٢٧]. دوای ئەوە (ئەنجومەنی ئەدیبان) دێت کە زانای بەهرەمەندی کورد (ئەمین فەیزی بەگ/ ١٨٦٠ – ١٩٢٨)، لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەستەمبۆڵ بە چاپی گەیاندووە. ئەمە بە هەوڵێکی پێشکەوتوو دەدرێتە قەڵەم، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و وردبین ژیان و بەرهەمی پۆلێك لە شاعیرانی کوردی تۆمارکردووە[٢٨].**

**دوای ئەوە ئەو هەولانە لەکات و شوێنی جیاجیادا بەردەوام بووە،کۆمەڵێك کتێب و بەرهەمی دیکە هاتۆتە ناوەوە، کە هەر یەکێکیان وەکو هەوڵێك، چمکێکی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردییان گرتۆتەوە کە لێرەدا بە جۆرێك لە پۆلینبەندی نیشانیان دەدەین:**

**لە وڵاتی سوریا/**

١- صفحات من الادب الكردي، روشن بدرخان، بيروت، ١٩٥٤.
٢- تاريخ الادب الكردي الحديث والمعاصر، ريوي، بيروت، ١٩٩٧.

**لەوڵاتی تورکیا/**

٣- **دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (لاتینی).**

٤- **دیرۆکا وێژەیا کوردی، فەقێ حوسەین ساگنیچ، ئەستەنبۆل، ٢٠٠٢. (لاتینی)**

٥- **ئەنتۆلۆژیا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، دیاربەکر، ٢٠٠٣. (لاتینی).**

**له وڵاتی سۆڤیەت/**

٦- **تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، پ. قەناتی کوردۆ، ئەستەمبۆل، ١٩٩٢، (لاتینی). (چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم ١٩٨٣)**

**له وڵاتی ئێران/**

٧- **مێژووی وێژەی کوردی، صدیق بۆرەکەیی، چاپی دووەم، ٣ بەرگ، هەولێر، ٢٠٠٨.**

٨- **تاریخ ادب وفرهنك موكريان، ابراهیم افخمی، ٢ جلد، تبریز، ١٣٧٣.**

٩- **شاعران کرد پارسی گوی، سید عبدالحمید حیرت سجادی، تهران، ١٣٧٥.**

١٠- **گلزار شاعران کردستان، سید عبدالحمید حیرت سجادی، تهران، ١٣٨٢.**

١١- **گوڵچینی شێعری شاعیرانی کورد، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ٣ بەش، ارومیە، ١٣٨١.**

**لەوڵاتی عیراق/**

١٢- **کۆمەڵە شیعری شاعرانی کورد، عەبدولکەریم هەکزی، سلیمانی، ١٩٣٨.**

١٣- **گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، عەلی کەمال باپیر ئاغا، سلێمانی، ١٩٣٩.**

١٤- **شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، دوو بەرگ، بەغدا، ١٩٤١ ــ ١٩٥٦.**

١٥- **مێژووی ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، بەغدا، ١٩٥٢.**

١٦- **کۆیە و شاعیرانی، کەریم شارەزا، بەغدا، ١٩٦١.**

١٧- **ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە له ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، بەغدا، ١٩٦٧.**

١٨- الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، بيروت، ١٩٦٧.

١٩- **ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٧٠.**

٢٠- **شیعری کوردی ــ ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٨٠.**

٢١- **ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، هەولێر، ١٩٩٠.**

٢٢- **مێژووی ئەدەبی کوردی، پ. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.**

٢٣- **هۆزانڤانێت کورد، صادق بهاءالدین ئامێدی، بەغدا، ١٩٨٠.**

٢٤- موجز تاريخ الادب الكردى المعاصر، د. معروف خزنەدار، ترجمە: د. عبدالحميد شيخو، سوريا، حلب، ١٩٩٣.

٢٥- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٨٤.

٢٦- مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، ٧ بەرگ، هەولێر، ٢٠٠١ – ٢٠٠٦.

٢٧- ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی ،مستەفا نەریمان ،دەزگای ڕۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی، بەغدا ، ٢٠٠٧.

٢٨- معجم الشعراء الكرد، تحسين ابراهيم الدوسكى، دهۆك، ٢٠٠٨.

لێرەدا ناکرێ یەك بەیەکی ئەم بەرهەمانە لە گۆشە نیگایەکی زانستی و ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، بەلاّم لە چەند خالێکی ناوکۆیی و گشتگیر دەتوانین بلێین:

١. هەموویان بەپێی ڕێباز و ڕێچکەیەکی کۆن و تەقلیدی نووسراوەتەوە، بەچاولێکەری لە هەندێ کتێب و شوێنەواری تایبەت بە مێژووی ئەدەبی گەلانی دەوروبەر لەعەرەب و عەجەم. لە وێنەی (تذكرة الشعراء، طبقات الشعراء، حديقة الشعراء، گلزار شاعران ...) بێ ئەوەی پشت بەستووبن بە میتۆد و ڕێبازێکی زانستی باوەڕپێکراو لە مێژوونووسیی ئەدەبیدا. لە کۆی ئەمانەدا چەند بەرهەمێکیان مایەی سەرنج و تێڕامانن[٢٩].

٢. زۆرترینی ئەمانە لەبابەت تاوتوێکردن و مێژوونووسیی شیعری کوردین و بە تەواوی بەشێکی گرینگی ئەدەبی کوردیان فەرامۆش کردووە کە بریتییە لە مێژووی هونەر و جۆرەکانی پەخشانی کوردی.

٣. بەشێوەیەکی دەستبژێر و ئینتیقائی شاعیرانیان هەڵبژاردووە بێ ڕەچاوکردنی پولینکارییەکی ڕێکخراو لە باشترین حالّەتدا بە گوێرەی سالّنامە (کرۆنۆلۆجیا) لە کۆنەوە بۆ تازە شاعیرەکانیان ڕیزبەندی کردووە، واش هەیە بەپێی زنجیرەی ئەلفوبێی شاعیرەکانیان ڕیزکردووە.

٤. ناواخنی بەرهەمەکان زیاتر کۆکردنەوە و تۆمارکردنی زانیارین سەبارەت بە ژیننامەی شاعیرەکان و ئەنجا بەپێی مەبەست و ناوەرۆك بەلّگە و نموونەی شیعرەکانیان خستونەتە ڕوو.

٥. هیچ کام بۆ ئەوە نەچوون کە شاعیرەکان دەستەبەندی و پۆلینکاری بکەن بەپێی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییە ناسراوەکان، لە وێنەی: (شاعیرانی سەر بەڕێبازی کلاسیك)، (شاعیرانی سەر بەڕێبازی ڕۆمانتیك)، (شاعیرانی سەر بە ڕێبازی ریالیزم) و ... تاد، یا بەپێی قوتابخانە مێژووییەکانی ئەدەبی کوردی لە وێنەی: (شاعیرانی سەر بە قوتابخانەی گۆران)، (شاعیرانی سەر بە قوتابخانەی کرمانجی)، (شاعیرانی سەر بە قوتابخانەی بابان) وەکو لە درێژەی ئەم لێکۆلّینەوەیەدا دێینە سەری.

٦. **هیچ کام لەو بەرهەمانە لە گۆشە نیگایەکی زانستی ڕەخنەی ئەدەبییەوە ژیان و بەرهەمی شیعری شاعیرانیان تاوتوێ نەکردووە، وەك ئەوەی باری کێش و ئاواز و زمان و فەرهەنگی شیعری و قالب و شێوازەوە تایبەتمەندی هەر شاعیرێك و هەر قوتابخانە و هەر سەردەمێکی ئەدەبی دیاری بکەن.**

٧. **بۆ ساغکردنەوەی ژیننامە و بەرهەمی شاعیران زیاتر کەلکیان لە دیوانە چاپکراوەکان وەرگرتووە. واتە زانیارییەکانیان لەوێوە ڕاگواستووە. بەشێوەیەکی ڕاگوزاری و گێڕانەوەیی دوور لە هەڵسەنگاندنی زانستی و لێکۆڵینەوە و شیکاری و بە دەستەوەدانی ئەنجام و زانیاری نوێ.**

٨. **وەکو گوترا لە باشترین حاڵەتدا بریتین لەکاری ئینسکلۆپیدیایی، کە سامانێك لە هەواڵ و زانیاریان بەسەریەکدا کەڵەکە کردووە و نووسیوەتەوە لەمەڕ بەرهەم و ژیننامەی شاعیرەکان کە هەندێ لەو زانیاریانە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە ژیان و بەسەرهاتی شاعیرەکانەوە تاوەکو ئەمڕۆ یەکلایی نەکراونەتەوە.**

## ٢/٣ / لە پێناوی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی، لە کوێوە دەست پێ دەکەین؟:

**لێرەدا مەبەست بەشی دووهەمی ئەدەبە کە بە ئەدەبی نووسراو یاخود (ئەدەبی دیوانی) دەناسرێت[٣٠].**

**ئەم بەشە دوابەدوای پەیدابوونی نووسین و خوێندەواری پەیدابووە، لە کۆنەوە بەشێوەی نووسراو و شتی تۆمارکراو بۆ نەوەکان ماوەتەوە، لەم ڕووەوە یەکەمین شت و گرنگترین شت لە ئەدەبدا بریتییە لە (بەرهەم) یاخود (دەق و تێکست)ی ئەدەبی کە هەموو بەشەکانی دیکەی ئەدەبیاتناسی لەسەر بنیات دەنرێ، تاوەکو (بەرهەمی ئەدەبی) لە ئارادا نەبێت ئەوا زانستێکی وەکو ڕەخنە یا تیوری یا مێژووی ئەدەبی لە ناوا نابێت. وەکو دیارە بەرهەمی ئەدەبی لەسەرەتادا دانە دانە و بە فرەیی و هەمەچەشنی لە دایك دەبێت و وردە وردە کەڵەکە دەبێت، تا دەبێت بەسامان و بەخەرمان، ئەوسا تاوتوێ کردنی لە بەرگی (ڕەخنە) و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی لە شێوەی (تیوری) و کۆکردنەوە و تۆمارکردن و نووسینەوەی لە شێوەی (مێژووی ئەدەب) دێتەکایەوە.**

**کەواتە لە پێناوی مێژوونووسیی ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەك پێویستە بۆ تێکست و بەرهەم و دەقە کۆنەکان بگەڕێینەوە کە لە کات و شوێنی تایبەتدا نووسراون. سەبارەت بە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیش هەروایە واتە دەبێ مێژوونووسیی ئەدەبی بەر لە هەموو شتێك تێکستی لەبەر دەست دابێت، کۆنترین تێکستی نووسراو و باوەڕ پێکراو، ئەنجا لەوێوە دەست بکات بە تۆمارکردنی مێژووی ئەدەبەکەی بۆ ئەو مەسەلەیە دوو خاڵی گرینگ لە گۆڕێدا هەیە پێویستە لەسەری ڕێك بکەوین کە ئەمانەن:**

یەکەم: هۆکار گەلێکی مێژوویی – سیاسی وای کردووە کە نووسین بە زمانی کوردی تا ڕۆژگارێکی درەنگ بەدوا بکەوێت. بۆیە ئەمڕۆ بەرهەم گەلێکی بە کوردی نووسراو و تۆمارکراوی (کەوناراو دێرینەمان) لەبەر دەستدا نییە.

دووەم: بەشی زۆر و تاکە بەرهەمی سەرەتایی ئەدەبی کوردی نووسراو بریتییە لە شیعر. واتە هونەری پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا تا سەردەمێکی دواتر بەرچاو ناکەوێت.

کەواتە بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی دەبێ بە دوای کۆنترین بەرهەم و شوێنەواری شیعری کوردیدا بگەڕێین و لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا یەکەمین بەرهەم و تێکستی شیعری کوردی، باوەڕ پێکراو و متمانە بەخش، کە بۆمان مابێتەوە و بە دەستی ئێمە گەیشتبێت کامەیە؟، وە لە چ ڕۆژگار و سەردەمێکدا بەرهەم هاتووە و خاوەنەکەی کێیە؟

نزیك بەنیو سەدە لەمەو پێش چەند پارچە و تێکستێك کەوتۆتە ناوەوە بە ناوی کۆنترین تێکستی شیعری کوردی، کەوا مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتۆتەوە و کۆمەڵێك وتار و نووسین و گفتوگۆی بە دوای خۆیدا هێناوە کە تاوەکو ئەمڕۆش ناوە ناوە لێرە و لەوێ سەر هەڵدەدەنەوە، ئێمە نامانەوێ بچینە نێو ئەو کێشمە کێشەوە ئەوەندە نەبێ کەوا ئەم بەرهەم و تێکستانە کە بە سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی دراونەتە قەڵەم لەکات و شوێنی خۆیدا لە لایان زانایانی زمانەوانی ناوداری کورد و بیانییەوە بە بەڵگە و دەلیلی زانستی بەرپەرچ دراوەنەتەوە و مایە پووچ دەرهاتوون[٣١].

ئەوەی تاوەکو ئەمڕۆ لەلای کۆی لێکۆڵەر و توێژەر و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی وەکو سەرەتا و دەستپێکی مێژووی ئەدەبی کوردی ناسراوە (دوو بەیتییەکانی بابە تاهیری هەمەدانی – عوریان)ە کە بە کۆنترین دەق و تێکستی شیعری کوردی دەزاندرێت. بابە تاهیر خۆی لە سەرەتای سەدەی ١١ی زینییدا کۆچی دوایی کردووە، مێژووەکەی بەم جۆرە تۆمارکراوە (٩٣٧ – ١٠١٠) و دوو بەیتییەکانیشی بێ کێشە نین، بەهۆی ئەوەی لە ئەنجامی چەندین جار چاپکردنەوەی دیوانەکەی و دەستکاری و گۆڕانکاری جار لە دوای جاری وشە و گوزارە و دەربڕینەکانی لەسەر دەستی نووسەرانی فارسەوە وای لێ هاتووە لە فارسییەوە نزیکتربن تا لە کوردی، تاوەکو دواتر ژمارەیەك دوو بەیتی ڕەسەنی هەم لە مۆزەخانەی (قونیە)دا و هەمیش لەلایەن مینۆرسکییەوە لە پەراوێزی کتێبی (سەرەنجام)دا دۆزراونەتەوە کە دەستی گۆڕانکاری و ئالوێریان پێڕا نەگەیشتووە و ئەوەش ڕوون بۆتەوە کە جیاوازی لەنێوان دەقە ڕەسەنە دۆزراوەکان و دەقە چاپکراوەکان ئاسمان و ڕێسمانە.

لەلایێکی دیکەش کاتێك دان بەو ڕاستییەدا دەنێین کە بابەتاهیر، هەم خۆی لەژێر نازناوی (تاهیر قەلەندەر) و هەم شیعر و دوو بەیتییەکانی تێکەڵ بە کلتوور و ئەدەبی ئایینی یارسانەکان دەبێت، ئەوسا شکو گومانێك لە ئارادا نامێنێت کە وەکو سەرامەدی ئەدەبی کوردی بژمێردرێت[٣٢].

## ٣/٣/ مێژووی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی سێ قوتابخانەی ئەدەبیدا:
## (گۆرانی – کرمانجی – بابانی)

ئەگەر لەزاراوەکەوە دەست پێ بکەین، **قوتابخانەی ئەدەبی** بریتییە لە کۆمەڵێ تایبەتمەندی و بنەما و ڕێسای ئەدەبی و ڕۆشنبیری کە لە هەلومەرجێکی مێژوویی – کۆمەڵایەتی تایبەتدا لەلایەن ئەدیب و نووسەرانی ناوچە و وڵاتێکەوە پێڕەوی لێ دەکرێت و دەبێت بە نەریتێکی ئەدەبی باو و بڵاو.

وا هەیە ئەم تیور و بنەمایانە پێش وەخت لە بەیاننامە و مانفێستێکی تایبەتەوە ڕادەگەیەندرێت و لەلایەن ئەدیب و نووسەرانەوە پێڕەوی لێ دەکرێت، واش دەبێ لە ئاکامی پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی پێڕەوێکی هاوبەش لەکاری ئەدەبیدا لەڕیزی نووسەران، جا چ بە چاولێکەری بووبێت یا بە ڕێك کەوتن یا لە خۆڕا، دەبێتە مایەی زاڵبوونی شەپۆڵ و ئاراستەیەکی ئەدەبی تایبەت لە پانتاییەکی فراوان و بۆماوەیەکی درێژ. لێرەوە ئەو بنەما و تایبەتمەندی و ڕێسا و سەرەتاکانی ئەو شەپۆڵ و ئاراستەیە لە دووتوێی بەرهەم و داهێنان و کەرەستە ئەدەبییەکانی پێڕەوەکەوە هەل دەهێنجرێن، و لە دوایە شەقل و سیمای نەریت و قوتابخانەیەکی ئەدەبی لەخۆوە دەگرێت. ئەم پێناس و تێگەیشتنە لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپاوە سەرچاوەی گرتوە. هەر بەو پێودانگەش ئەوان چەندین قۆناغ و قوتابخانە و نەریتی ئەدەبییان بۆ مێژووی ئەدەبییاتی ئەوروپا دەستنیشان کردووە، وەکو لە (١/٢/٢) خستوومانەتە ڕوو.

لە ڕۆژهەڵاتیش مێژوونووسانێکی ئەدەب هەوڵیان داوە و تێکۆشاون کەوا مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی خۆیان بەو چەشنە قۆناغبەندی بکەن، بەڵام لەم ڕێگایەدا دووچاری ئاستەنگ و ئیشکالیەت هاتوون، بەو هۆیەی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی و شارستانی و ڕۆشنبیری گەلانی ڕۆژهەڵات، لەوانەش گەلی کورد، لەگەڵ هی ئەوان جیاوازە و تێك ناکاتەوە. ئینجا ئەگەر هەوڵ و بیروبۆچوونێکی لەو بابەتەش لەلای ئێمە بۆ مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی لە ئارادا هەبێت ئەوا بێ شك ئاکامەکەی لەسەر حسابی لە قالبدانی ڕەوتی سروشتی و گەشەسەندنی ئەدەبەکەمانەوەیە لە چوارچێوەی چەند ڕێباز و قوتابخانەی نامۆ و ناگونجاودا[٣٣].

ئێمە کاتێك باس لە ڕێباز و میتۆدێکی لە بار و گونجاو دەکەین سەبارەت بە قۆناغ و قوتابخانەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی، پێویستە بەر لەوەی باس لە (دابەشکردنی قۆناغەکانی ئەدەبیاتی گەلان و

قوتابخانەکانی جیهانی نوێ ..... تاد) بکەین، بۆ خودی ئەدەبەکە خۆی بگەڕێینەوە و بە ڕەچاوکردنی سەرەتا مێژووییەکانی داهاتن و بە دیارکەوتنی و تایبەتمەندی و بنەما و بەش و خەسلەتە ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەنجا بڕیار لەسەر میتۆد و ڕێباز و قوتابخانەی گونجاو بدەین بۆ مێژوونووسییەکەی لەچوارچێوەی ئەو هەل و مەرجە مێژوویی و سیاسی و شارستانییەی کە تیایدا بەرهەم هاتووە و پەرەی سەندووە و پێشکەوتووە، ئەوسا بەرچاو روونییەکی باشترمان بۆ دەستەبەر دەبێت.

ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەدەبی کوردی بە درێژایی مێژووی هەزار ساڵەیدا لە چوارچێوەی سێ قۆناغی مێژوویی و سێ زمانی ئەدەبی و سێ قوتابخانەی هونەریدا خۆی دەنوێنێت، کە هەر یەکەیان لە زۆر ڕووەوە خاوەنی ناسنامە و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە هەم وەك ڕێباز و قوتابخانە و نەریتێکی ئەدەبی لە زەمان و زەمینێکی دیاریکراودا ئامادەیی هەبووە و خۆی سەلماندووە، هەمیش بەو ناسنامە و تایبەتمەندییانەوە سنوورێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە کە لە قۆناغ و قوتابخانەکانی دیکەی دواتری جیای دەکاتەوە. لێرەوە دەپرژێینەوە سەر تاوتوێ کردنی زیاتری ئەو مەسەلانە.

## قۆناغی یەکەم: قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی(*)

**تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە:**

١- کۆنترین بەشی ئەدەبی کوردی پێك دەهێنێت و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلامەتی[٣٤].

٢- لەسەر کێش و ریتمی بڕگەییە کە (گۆران) نازناوی کێشی نەتەوەیی پێ بەخشیوە، وەکو چۆن لەڕووی سەرواوە پێڕەوی لە سیستەمی جووت سەرواو، سەروای ڕەنگاوڕەنگەوە دەکات[٣٥].

٣- لە باری زمان و شێواز و دەربڕینەوە خاوەنی کۆمەڵێك خەسلەت و تایبەتمەندی زمانەوانییە کە زادەی زار و دیالێکتی قسەپێکەرانی ئەو سەرزەمین و نیشتیمانەیە.

٤- لە ڕووی وشە و زمان و فەرهەنگەوە شێوەیەکی شیرین و پاراوی هەیە و لە کاریگەری فەرهەنگ و زمان و زاراوەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی (عەرەبی – فارسی – تورکی) بە دوورە.

٥- ئەدەبی گۆرانی، ئەدەبێکی لیریکی ناسك و ڕەوانە، کە سۆز و گودازێکی مرۆڤانە، بیروخەیاڵێکی بە پیت، هەوێنێکی جوانی ناسی، بەرودوا و تان و پۆی چنیوە.

٦- سروشێکی ئایینداری و بیروباروەرگەلێکی کۆنی کوردی (ئایینی یاسان)، بۆتە ماکی داهێنانی سامانێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی، (ئەدەبیاتی یارسان) و هەر ئەم ئایینەش بۆتە بنەمای پەرەگرتنی زمانێکی ئەدەبی (زمانی ئەدەبی گۆرانی) لەنێو شێوەزارەکانی سەر بەدیالێکتی کوردی خوارووو (هەورامانی، زەنگەنەیی، کاکەیی، دیملی، ....).

٧- ماوەی هەشت سەدە (لەبابەتاهیرەوە بۆ مەولەوی)، لە پانتاییەکی جوگرافی فروان (مەڵبەندی سێکوچکەی کەرکووك - هەمەدان - کرماشان)، بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامی هەبووە و لە ماوەی ٤٠٠ ساڵی دواییدا (١٤٠٠ – ١٨٠٠) زمانی ئایینی و زمانی ئەدەبی ڕەسمی و دانپیانراو بووە[*].

٨- کۆمەڵێ ژانەری ئەدەبی جوانی بۆ یەکەمین جار هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی لە وێنەی سروودی ئایینی، جەنگنامە، داستان و مەقام و گۆرانی[٣٦].

٩- بەدەیان شاعیر و بوێژی هەڵکەوتەی لێ پەیدابووە، کە سامانی شیعر و داهێنانیان ڕژاوتە ئەو ڕووبارەی کە نەریتێکی ئەدەبی سەرتاپاگیری پێکهێناوە و سامان و گەنجینەیەکی ئەدەبی شکۆداری لێ کەوتۆتەوە.

١٠- پشتیوانەیەکی سیاسی و شارستانی هەبووە کە بریتییە لە میرایەتی (ئەردەلان) و ناوەندی دەسەڵاتی ئەو میرنشینە لەنێوان (شارەزوور و هەورامان و سنە) دا بووە کە بۆ ماوەی ٤٥٠ ساڵ (لە سەرەتای سەدەی چواردەهەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم) حوکمڕان و باڵادەست بووە و ئەمە بە یەکێك لە فاکتەرەکانی بەردەوامی و دەوڵەمەندی ئەو نەریتە ئەدەبییە دەژمێردرێت[٣٧].

١١- بەم پێیە دەشێ ئەم قۆناغە ئەدەبییە – مێژووییە، لە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیدا بە (قوتابخانەی ئەدەبی گۆران)، وەکو یەکەم و کۆنترین نەریت و قوتابخانەی ئەدەبی کوردی ناوزەد بکەین[٣٨].

## قۆناغی دووەم: قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی

لە هەل و مەرجێکی جیاواز نەریت و ڕێبازێکی ئەدەبی نوێ لە کوردستان سەر هەڵ دەدات و بە کۆمەڵێك خەسلەت و تایبەتمەندی ئەدەبییەوە نەشونما دەکات و سەروسامان پەیدا دەکات. کە هەر

بەردەوامی و تەواوکەری قۆناغی پێشووە چونکێ بەشێکە لە سامان و گەنجینەی ئەدەبی کوردی، بەڵام لە شێوەی تاقی کردنەوەیەکی مێژوویی و ئەدەبی نوێ و لە قۆناغێکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت.

شەقڵی دیار و بەرچاوی ئەم قوناغە ئەدەبییە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە لەوەدایە کە کاریگەری شارستانییەت و ئەدەبیات و زانستەکانی ئایینی ئیسلامی بە خەستی تیادا ڕەنگی داوەتەوە، لێرەوە دیاردە و تایبەتمەندییە ئەدەبی و مێژووییەکانی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێت:

١- لە ژێر دەواری نیزامی عەرووزی عەرەبی و هونەرەکانی بەلاغەت و پایەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات دامەزراوە، کە پێشتر لە ئەدەبی کوردیدا لە وێنەی نابیندرێت[*].

٢- بەرهەمی ئەم نەریت و قوتابخانە ئەدەبییە بە گشتی ئەدەبێکی پلە بەرزە و لەسەر بنەمای ئەقل و زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری دامەزراوە و لە ئاستی ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتە.

٣- غەزەل و قەسیدە وەکو دوو فۆرمی زاڵ و ناسراوی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی چەکەرە دەکات بۆ ناو ئەدەبی کوردی لە پال فۆرمە ئەدەبییەکانی وەکو (روباعی، قەتعە، مولەمەع، پێنچین و پێنج خشتەکی، موستەزاد، موسەممەت، تەزمین، تەرکیب بەند و تەرجیع بەند و ......... تاد.

٤- زمانی شیعر دەبێتە زمانێکی ڕۆژهەڵاتی تەژی لە وشە و زاراوەی بێگانە (عەرەبی و فارسی و تورکی)و، لە پاڵ ئەوەدا زیادەڕۆیی لە وشە ئارایی و سنعەتسازی بێژەیی (الصنائع اللفطية) تانوپۆی دادەپۆشێ.

٥- لە بابەتی واتا و ناوەرۆکەوە کۆمەڵێك مەبەستی تازە هاوشێوەی شیعری کلاسیکی عەرەب و عەجەم لە شیعری کوردیدا پەیدا دەبن و پەرە دەسێنین، لە وێنەی مەبەستەکانی ئایینی ئیسلامەتی لە چەشنی (پاڕانەوە – موناجات) و (ستایشی پێغەمبەر و یارانی – نەعت) و (سۆفیگەری ئیسلامی)، وەسف، دڵداری، ستایش، شانازی، داشۆرین، شینگێڕی...تاد.

٦- بۆ یەکەمجار بیر و فەلسەفەی عەشقی سۆفییانە و رەمز و وشە و زاراوەکانی فەرهەنگی سۆفیایەتی، لەپال هێما و ئاماژەکانی تایبەت بە زانستە ئیسلامییەکان لە وێنەی مەنتیق و عیلمی کەلام و شەرع و فیقهو فەلەکیات ... تاد لە بەرهەمی ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە[٣٩].

٧- ئەم قوتابخانەیە بەرهەمهێنەری بیری نەتەوەییە لە ئەدەبی کوردیدا.

٨- زمانی ئەدەبی ئەم قوتابخانەیە لە نێو شێوەزارەکانی سەر بە دیالێکتی کوردی باکوور، (جزیری، بۆتانی، هەکاری، بادینانی، ئاشتەیی، بایەزیدی)، لە شێوەزاری (بۆتانی)یەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کەوا کۆمەڵێك خاسیەتی ڕێزمانی و گرماتیکی هەیە کە لە زمانی ئەدەبی هەردوو زارەکەی دیکە (گۆرانی و کوردی ناوەڕاست)ی دادەبڕێت.

٩- وەکو زەمینەسازی و ڕێخۆشکردنێك بۆ پایەدار بوونی ئەم قوتابخانەیە، سامانێك لە ئەدەبی میللی هەیە کە لەلایەن دەستەیەك لە شاعیرانەوە بە بەرهەم هاتووە و بۆتە پێش قۆناغ بۆی.

١٠- پشتیوانەیەکی سیاسی و شارستانی و مێژوویی هەبووە کە بریتییە لە (میرایەتی بۆتان)، ئەنجا بۆ ماوەیەکی درێژ لە پانتاییەکی جوگرافی فراوان، سامانێکی ئەدەبی دەوڵەمەند و فرەی لێ کەوتۆتەوە.

١١- ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کەوا نەریت و ڕێبازێکی ئەدەبی بە ناوی (کلاسیزمی کورد)ی لە ئارادا بێت، ئەوا ئەم قۆناغ و قوتابخانەیە بەدیهێنەری ئەدەبی کلاسیزمی کوردییە کە پایەکانی لەلایەن شێخی جزیرییەوە (١٥٦٧ – ١٦٤٠)، وەکو مامۆستای یەکەمی شیعری کلاسیکی کوردی داڕێژراوە[٤٠].

## قۆناغی سێیەم: قوتابخانەی ئەدەبی بابانی[*]

دیاردەیەکی ئەدەبی نوێ بوو لە مێژووی ئەدەبی کوردی، لە ئاکامی کۆمەڵێك فاکتەری – مێژوویی و سیاسی و ڕۆشنبیری لە زەمان و زەمینێکی تایبەت و جیاواز سەری هەڵدا. بنیاتنانی شاری سلێمانی و خورت بوونی میرایەتی بابانەکان و برەو سەندنی ئاوەدانی و شارستانییەت و لە ئامێزگرتنی بوێژ و زانایان و بووژانەوەی زانست و زانیاری و هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێگەیشتن و پەرەسەندنی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە بوون.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە:

١- غەزەل و قەسیدە و فۆرمەکانی شیعری کلاسیکی لەم قوتابخانایە بە هەندێ گۆڕانکارییەوە، لە ژێر چەتری نیزامی عەرووز و ڕەوانبێژی عەرەبی و سەبکی عیراقی و هیندی و خشتەکییەکانی فارسیدا بەردەوامی هەیە.

٢- زمانی ئەدەبی ئەم قوتابخانەیە لە نێو شێوەزارەکانی (موکریانی، ئەردەلانی، بابانی، گەرمیانی، سۆرانی)، بابانییە، کە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی ئەدەبی و زمانی و شێوازی تایبەت بە خۆیەتی کە لە ئاستە جیاوازەکانی زمان و بیر و بەکارهێنانی خەستی هونەرەکانی جوانکاریدا بە دیار دەکەوێت[٤١].

٣- ئەم زمان و نەریتە ئەدەبییە لە پێگەی میرنشینی بابان (سلێمانی)یەوە هەڵقولاوە و بەسەر هەر پێنج ئیقلیمی بەشە دیالێکتی کوردی ناوەڕاست، (موکریانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی، سۆرانی)دا بڵاو بۆتەوە و تا دەرکەوتنی ئەدەبیاتی نوێ بەردەوامی هەبووە.

٤- هەموو هونەرەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕووی فۆرمەوە لەم قوتابخانەیە ڕەنگی داوەتەوە لە نموونەی: (غەزەل، قەسیدە، فەرد، مەسنەوی، روباعی، دوو بەیتی، مولەمەع، قەتعە، موستەزادە، موسەممەت، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند، تەخمیس، موخەممەس، تەزمین، تەشطیر و .... تاد).

٥- غەزەل سەرایی بە ناوەرۆکێکی وەسفی جوانی و عیشقی مەجازی، سیمای دیار و بەرچاوی بەرهەمی شیعری ئەم قوتابخانەیەیە.

٦- تەواوی مەبەستەکانی شیعری کلاسیکی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەم قوتابخانەیەدا بەدی دەکرێن لە وێنەی: شیعری ئایینی، وەسف، ستایش، شانازی، لاواندنەوە، داشۆرین و شیعری بۆنە و موناسەبات .... تاد.

## پوختەی باس/

ئەم ڕێباز و نەریتە ئەدەبییانە، کە لە سێ قۆناغی مێژوویی جیاواز و سێ مەڵبەندی دوور لە یەکتر وەکو سێ قوتابخانەی ئەدەبی خوڵقاون و پەرەیان سەندووە، هیچ کامێکیان لەسەر بناغەی ئەوەکەی دیکەیان بنیات نەنراوە، وەکو چۆن پەیوەندی نێوانیشیان زۆر کاڵ و کەم ڕەنگە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی سەر بە سامانی زمان و ئەدەبی میللەتێکن، بەڵام ئاوێتەکردنیان بە کارێکی شیاو داناندرێت، چونکێ هیچ یەکێکیان لە ڕووی بابەتی و تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەرییەوە بە پێشینەی ئەوی دیکەیان دانانرێت(٤٢).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم واقیعە ڕێگر نابێت لەبەردەم ئەوەی کەوا ئەم سێ قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییە جیاوازانە بەشەکانی ئەدەبی یەك نەتەوە پێك بهێنێت.

لێرەوە تێکەڵاوکردن و لە قالبدانیان چ لەسەر شێوەی قۆناغبەندی مێژوونووسیی ئەدەبی عەرەب و عەجەم یان میللەتانی ئەوروپا، وە چ لەسەر شێوەی مێژوونووسیی ساڵنامەیی و کرۆنۆلۆجی وەك ئەوەی لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی تاوەکو ئەمڕۆ پەیڕەوی لێ کراوە، کارێکی نازانستی و نا دروستە، بەو هۆیەی کە ئەوەی ڕۆڵی پێوەر و پارسەنگ دەگێڕێت لە سنوور کێشانی قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکان ئەوا تایبەتمەندی و خەسڵەتە ئەدەبی و هونەرییەکانن کەلە خودی ئەو سامانە ئەدەبییەوە هەڵ دەهێنجرێن. لەمەوە و بە پشت گرێدان بەم ڕاستییانە ئێمە لامان وایە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی پێویستە لە ژێر

ڕۆشنایی ئەم سێ قۆناغە مێژووییە و، ئەم سێ قوتابخانە ئەدەبییەی (گۆران، کرمانجی، بابان) بەڕێوە بچێت.

### ٣/٤/ ئەزموونە ئەدەبییەکانی هەر قوتابخانەیەك:

بە ڕەچاوکردنی پێڕەوی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی سێ قوتابخانەی ئەدەبیدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، بەو هۆیەوەش کە هەر قوتابخانەیەك سامانێکی فرەی لە ئەزموون و بەرهەم و تاقی کردنەوەی ڕەنگاوڕەنگ لە خۆ گرتووە. ئەنجا بەمەبەستی پۆلینکردنێکی بابەتیانە و لە بارو زانستی، کە بەرچاو ڕوونییەکی زیاتر ببەخشی و ببێتە جێگای متمانە و هاریکاری مێژوونووسی ئەدەبی کوردیش بکات، لێرەدا بەپشت بەستن بە دیاردە هونەرییە زمانەوانی و شێوازییەکان و بە یەکانگیری لە تەك دیاردە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان جۆرێك لە پولینبەندی و نەخشە و دابەشکاری پێشکەش دەکەین وەکو دانپێدانان و ڕاستەقینەیەکی فرەئەزموونی ئەدەبی لە چوارچێوەی هەر قوتابخانەیەك، تاوەکو مۆدێلێك لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لەسەر بنەمایەکی واقیعی زانستی بگیرێتە بەر.

لاری لەوە ناکرێت کە هونەری شیعر، سیما و شەقڵی زاڵی سامانی ئەدەبی کوردییە لەهەر سێ قۆناغ و قوتابخانەکەدا، بەم پێیە مێژووی ئەدەبی لەهەر یەکێك لە قۆناغ و قوتابخانەکان دەبێت بە (مێژووی ئەزموونەکانی شیعری کوردی) لە چوارچێوەی ئەو قوتابخانەیەدا، هەر ئەزموونێکیش، کە خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندی و خاسیەتی ناوچەیی خۆیەتی، کەوا لە بەرهەمی ئەدەبی شاعیرانی ئەو ناوچە و مەڵبەندەدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە دەشێ هەر ئەزموونێك بە شێوەیەکی لاوەکی لە چەند ئەلقەیەکی بەیەکەوە گرێدراو لە ژێننامە و بەرهەمی شیعری شاعیرانی لە چوارچێوەی قوتابخانەکەدا لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێت. لە ئاکامدا هەر ئەزموونێك لە وێنەی جۆگەلەیەکی بزواو و گەشە سەندوو دەڕژێتە ئەو قوتابخانەیەوە[٤٣].

لێرەدا ئەو مۆدێل و پۆلینکارییە بۆ ئەزموونەکانی شیعری کوردی لە چوارچێوەی هەر یەك لە قوتابخانەکان دەخەینە ڕوو:

### قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی :

١- شاعیرانی لەك و لوڕ: بابا تاهیر، ئەرکەوازی .....[*].

٢- ئەزموونی ئەدەبی ئایینی یارسان: شاعیرانی ئەدەبی یارسان؛ بابا سەرهەنگ، شاخوشین، بابا ناوس، سوڵتان سەهاك، مەلا پەرێشان، ئیل بەگی جاف.

٣- ئەزموونەکانی شاعیرانی هەورامان: بیسارانی، ئەڵماس خان، میرزا شەفیع، خانای قوبادی، مەولەوی، سەیدی هەورامی، وەلی دێوانە، کۆماسی، مەستوورە، سەی یاقو، مەلای جەباری، فەقێ قادر.

٤- شاعیرانی ناوچەی پاوە و کرماشان: ئۆلقادر، ......

٥- ئەزموونی ئەدەبی شاعیرانی زەنگەنە و کاکەیی: ڕەنجوری، خەلیل منەوەر.

٦- ئەزموونی ئەدەبی (زازا)ییەکان و عەلەوییەکان.

### قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی:

١- ئەزموونی ئەدەبی میللی و شیعری داستانی: فەقێی تەیران، عەلی حەریری، مەلا ئەحمەدی باتەیی، بەکر بەگی ئەرزی، حوسنی بامەڕنی ......

٢- ئەزموونی شیعری کلاسیکی: جزیری، خانی، پرتەوبەگی هەکاری، شێخ خالد، سیاپۆش، بریفکانی، شەهابی مائی، نەقشبەندی، نالبەند، مەمدوح ....

٣- ئەزموونی ئەدەبی کوردی لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت.

### قوتابخانەی ئەدەبی بابانی :

١- ئەزموونی شیعری میللی و ئاینی: عەلی بەردەشانی، موناجاتی شێخ صادق، مەلا محەمەدی سێوەچی.......

٢- ئەزموونی شاعیرانی بابان: نالی، سالم،نەفعی، کوردی، مەلا وەسمان.

٣- ئەزموونی شاعیرانی ناوچەی سلێمانی: مەحوی، فایەق، ئاهی، فکری، خەستە، خاکی، مەلا حەمدوون، بێخود، زیوەر، حەمدی، تاهیر بەگ، ئەحمەد موختار، ............

٤- ئەزموونی شاعیرانی گەرمیان: شێخ رەزا، سابیری، ئەسیری، تاهیر فؤاد.

٥- ئەزموونی شیعری لە کۆیە و سۆران: حاجی قادر، مەلا عەبدوڵڵای جەلی، ڕەمزی، ئەختەر، کەیفی، مەلای گەورە، سافی، .....

٦- شاعیرانی سنە و ئەردەلان: سالی سنە، مەجدی (مەلیکول کەلام).

٧- ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان: ئەحمەدی کۆر، وەفایی، حەریق، ئەدەب، سالار سەعید، ئەدیب، ..............[٤٤].

### ٣/٥/ کێشە و گرفتی ئەم جۆرە دابەشکردنە:

گرفتی سەرەکی لەبەر دەم ئەم جۆرە قۆناغبەندی و دابەشکردنە لە مێژوونووسیی ئەدەبیاتی کوردی، لە مەسەلەی باباتاهیر و زمانی شیعر و دووبەیتییەکانی دایە[٤٥]، ئەویش مەسەلەیەکی چەند لایەنەیە:

١- باباتاهیر بە نەژاد بابایەکی لوڕی هەمەدانی و، دووبەیتییەکانیشی هەر بەو شێوەزارە خۆلاتییەی خۆی، واتە بە (لوڕی) هۆنیوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بڕێك لە ڕۆژهەڵاتناسان و هەندێ لە توێژەرانی خۆییش نە لوڕ و باباتاهیر بە کورد و نە زمانی شیعرەکانیشی بە کوردی دەزانن [٤٦]!

٢- قالبی شیعرەکانی بابا تاهیر (روباعی)یە، کە لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە هونەر و قالبی شیعری فارسی و، کێشی شیعرەکانیش (عەرووز)ین، لە کاتێکدا قالبی باوی شیعری کۆنی کوردی (ئەدەبی گۆران) (مەسنەوی)یە و لەسەر کێشی خۆماڵی بڕگەییش هۆنراونەتەوە.

٣- شەرەفخان لە ساڵی (١٥٩٦)ی زایینی لە نووسینی (شەرەفنامە) بۆتەوە، کەچی باسێك لە ئەدەب و شیعر و شاعیرانی ناوداری کورد ناهێنێتە گۆڕێ و وەك ئەوەی کە هەر نەبووبن!.

٤- جۆرێك لە دابڕان و دووراییی لە نێوان باباتاهیر و (ئەدەبی گۆران)دا هەیە و، کەلێن و بۆشاییەکی گەورەش لە نێوان هەر یەك لە قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردی (گۆران، کرمانجی، بابانی)دا بەدی دەکرێت، کە ئەمە زنجیرەی مێژوویی و بەیەکەوە گرێدانی ئەدەبەکە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوە!.

ئەگەر بە کورتی تاوتوێی ئەم خاڵانە بکەین، دەتوانین چەند سەرنج و تێبینییەك لەو بارەوە دەربڕین:

١- مێژوونووسانێکی زۆرتر بەلای کوردبوونی (لوڕەکان) و زار و زمانەکەیشیاندا دەشکێننەوە، تەنانەت شەرەفخان خۆیشی لوڕی بە یەکێك لە تایفە سەرەکییەکانی کورد ناساندووە.

ئەنجا لە بارەی نەبوونی شیعر و شاعیرانی کوردەوە ناشێ (شەرەفنامە) وەکو سەنەدێکی قەتعی وەربگیرێت!، ئەوەتا لەو سەرچاوە مێژووییە گرنگەدا بەشێکی گەورەی میللەتی کورد، (کوردانی سەر بە دیالێکتی کرمانجی خواروو)، فەرامۆش کراون، ئەنجا لە مەسەلەی لە یەکتر جیاکردنەوەی (لوڕ و کەلهوڕ) لە باری ڕەچەلەك و زمان و کلتوورەوە سەرکەوتوو نەبووە!

٢- زمانی شیعرەکانی باباتاهیر کوردییە، ئەمڕۆ هەموو خوێندەوارێکی کورد، بەتایبەتی لە ناوچەکانی گۆراننشین، بە ئاسانی تێیان دەگات، بەو ئەندازەیەی لە کوردییەوە نزیکە چەند ئەوەندە لە فارسییەوە دوورە، پێویستە ئەمە لە ڕووی گراماتیکی و زمانناسییەوە بە پەیوەست لەگەڵ شێوەزارەکانی (لەك و لوڕ و کەلهوڕی)یەوە لێی بکۆڵدرێتەوە و هەر گومانێك لە ئاردا هەبێت بڕەوێندرێتەوە.

٣- لە بارەی قالب و کێشی شیعرەکانیشەوە ئەمە لە ژێر تاوی ئەدەبی فارسییەوە بووە، هەروەها لە ڕووی فرەیی لکسکیون و موفرەداتی فارسیش لە شیعرەکاندا هەروایە، بەڵام ئەمانە هەرگیز لە کوردیبوونی دایناشۆرێت، ئەم دوو بەیتییانەی باباتاهیر ئەوەندەی لە ڕووی زمانی شیعری و گیانی داهێنان و جەوهەری هونەرییەوە لە ئەدەبی گۆرانەوە نزیکن، چەند ئەوەندە لە ئەدەبی فارسی و شیعری کلاسیکی کوردییەوە دوورن. وەکو لە پێشەوەش گوترا شیعر هەر بە تەنیا بە کێش و عەرووز نابێت بە کلاسیك.

٤- ئەگەر حیساب بۆ بیروڕای هەندێك لە مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی بکرێت، ئەوا باباتاهیر هەرگیز بە دابڕاو و تەریك هەڵکەوتوو بە دی ناکرێت، چ لەگەڵ دەوروبەرە کلتوورییەکەی خۆی (ئەدەبیاتی لەك و لوڕ)، وە چ لەگەڵ (ئەدەبی گۆران)[٤٧].

بۆ مەسەلەی لێکدابڕان و بۆشایی نێوان قوتابخانەکانی ئەدەبی کوردیش، ئەوە حوکمی تاریخ و جوگرافیایە، واقیعێکە و کەس ناتوانێت نکوولی لێ بکات، کورد خۆی میللەتێکی پارچە پارچە و لێك دابڕاو و لاتەریك کەوتوو بوون بە درێژایی مێژوو کە تاوەکو ئێستاش ئەم واقیعە بەردەوامی هەیە.

## ٦/٣ / قۆناغبەندی ئەدەبی کوردی بە پێی بنەمای هێڵی مێژوویی:

ئەگەر بێت لەسەر هێڵێکی مێژوویی – زەمانی ئاوڕێك لە ڕابردووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە لە دێر زەمانەوە تاوەکو ئێستا، ئەوا دەبینین کەوا بە گوێرەی زەنجیرەی زەمان و مێژوو چەندین قۆناغ و سەردەمی بڕیوە، بۆیە دەشێ جۆرێك لە قۆناغبەندی بۆ بکرێت لەسەر بنەمای زەمان و مێژوو، کە دەشێ بە (قوناغبەندی مەدرەسی) ناو ببرێت و لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندن و زانکۆکانیشدا پێڕەوی لێ بکرێت، ئەم جۆرە دابەشبوونە سنووری مێژوویی قۆناغەکان و تایبەتمەندی و خاسیەتی هونەری هەر یەکێك لە قوتابخانە ئەدەبییەکان لەیەك چوارچێوەدا کۆ دەکاتەوە و لەبەر چاو دەگیرێت، ئەمە چارەسەرێك بۆ کێشەی نێوان ئەدەبییاتی لوڕ و گۆران دەستنیشان دەکات، هەروەها سنوورێك لە نێوان ئەدەبی (کۆن) و (کلاسیك)ی کوردی دادەنێت، لەو لاشەوە یەکێتییەك لە نێوان هەردوو باڵەکەی قوتابخانەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ساز دەکات کە لە کرۆك و بنچینە و بناغە ئەدەبی و هونەریەکەدا هەریەك شتن. لەو لاشەوە هەنگاو بەرەو چەرخی مێژووی نوێ داوێ و قۆناغە ئەدەبییەکانی دەستنیشان دەکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### قۆناغی یەکەم: ئەدەبی کۆنی کوردی:

أ- ئەدەبیاتی لەك و لوڕ.

ب- قوتابخانەی ئەدەبی گۆران.

### قۆناغی دووەم: ئەدەبی کلاسیکی کوردی:

أ- قوتابخانەی کوردی (کرمانجی) باکوور.

ب- قوتابخانەی کوردی (کرمانجی) ناوەڕاست – بابان.

### قۆناغی سێیەم: ئەدەبی نوێی کوردی.

### قۆناغی چوارەم: ئەدەبی هاوچەرخی کوردی.

ئەنجا بۆ هەر یەکێك لە لق و دابەشبوونە فەرعییەکان کە قوتابخانە ئەدەبییەکان پێك دەهێنن، دەشێ بۆ ئەزموون و تاقیکردنەوە شیعری و ئەدەبی ناوخۆیی و ناوچەییەکان پولین بکرێتەوە، وەك ئەوەی پێشتر لە (٣/٤/ لە ئەزموونە ئەدەبییەکانی هەر قوتابخانەیەك) وەکو ڕاهێنان خستوومانەتە ڕوو[٤٨].

## ئەنجام

١- لەناو لقەکانی ئەدەبیاتناسیدا مێژوونووسیی ئەدەبی خاسییەتێکی جوگرافی ناوچەیی و نەتەوەیی تایبەتی هەیە، کە زادەی هەلومەرجی مێژوویی و شارستانی نەتەوەکە خۆیەتی و هی میللەتانی دیکە جیاوازە.

٢- مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی بە درێژایی نیو سەدە کۆمەڵێ هەوڵی تاکە کەسی هاوچەشنی بەخۆیەوە دیوە کەوا سامانێکیان لە زانیاری لەو بوارەدا بە دەستەوە داوە، بەڵام دوور لە ڕەچاوکردنی پێڕەوێکی زانستی گونجاو کە ڕەنگدانەوەی قۆناغ و نەریت و سەرچاوە مێژووییەکانی ئەدەبی کوردی بێت.

٣- مێژوونووسیی ئەدەبی لەسەر ئاستی تیوری خاوەنی چەندین ڕێباز و میتۆدی زانستی تایبەتییە، کە مێژوونووسانی ئەدەب بەمەبەستی تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی پەنای بۆ دەبەن و کەڵکی لێ وەردەگرن.

٤- ڕێبازی ڕاست و گونجاو لە مێژوونووسیی ئەدەبی کوردیدا پێویستە لە چوارچێوەی ئەو قۆناغ و قوتابخانە و زمانە ئەدەبییانەدا بێت کە بەدرێژایی مێژووی هەزار ساڵەیدا بەخۆیەوە بینیویەتی و کەوا بریتین لەهەر یەك لە قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییەکانی گۆران و کرمانجی و بابانی.

**٥- هەر کام لەم قۆناغ و قوتابخانە ئەدەبییانە لە بواری داهێنانی ئەدەبیدا جۆرێك لە فرە ئەزموونی تیادا بەدی دەکرێت، کە دەشێ بۆ پۆلینکاری ناوەکی لە شێوەی مۆدێل و پێڕەوێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی ئەو قۆناغ و قوتابخانەیەدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجام بدرێت.**

**پەراوێزەکان/**

(١) **بڕوانە:**

- نظرية الادب: ٤٥.
- المدخل الى علم الادب: ٣٦ ــ ٣٩.

(٢) **کۆ وانەکانی دکتۆرا، بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی، د.مارف خەزنەدار،**٢٠٠٤.

(٣)في نظرية الادب: ١٧ ــ ٧٩.

(٤) **تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی:** ١٣.

(٥)**شێوەهای نقد ادبی:** ٥١٦ ــ ٥٤٣.

(٦) **بە ڕەچاوکردنی کەم تا کورتێك جیاوازی کە لەو بارەوە لەنێوان سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا بەدی دەکرێت، وەك ئەوەی هەندێك بەسەر (**٥**) قۆناغ و هەندێك بەسەر (**٦**) قۆناغدا دابەشی دەکەن. بڕوانە:**

- تاريخ الادب العربي (العصر الجاهلي): ١٤.
- تاريخ الادب العربي (للمدارس الثانوية والعليا): ٨

(٧)نظرية الادب: ٣٤٩ ــ ٣٥٠.

(٨) **ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (ئەدوارد براون) لە نێوان ساڵانی (**١٩٠٢ **تا** ١٩٢٤**)، مێژووی ئەدەبی فارسی لە دەستپێکەوە تا ئەو کاتە لەچوار بەرگدا بە ناونیشانی:** (Alterary history of Persia)

**بەم شێوەیە نووسیوەتەوە:**

**بەرگی یەکەم: مێژووی ئەدەبی فارسی (لە سەردەمی کۆنەوە تا فیردەوسی): (لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی سەدەی دەیەمی میلادی).**

**بەرگی دووەم: مێژووی ئەدەبی فارسی (لە فیردەوسییەوە تا سەعدی): (سەرەتای سەدەی** ١١ **تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی** ١٣**ی میلادی).**

**بەرگی سێیەم**: مێژووی ئەدەبی فارسی (لە سەعدییەوە تا جامی): (١٢٦٥ – ١٥٠٢).

**بەرگی چوارەم**: مێژووی ئەدەبی فارسی (١٥٠٠ – ١٩٢٤).

**بگەڕێوە بۆ:**

- **تاريخ الادب فى ايران، ج١: ص: ٥.**

**(٩) د.** ذبيح الله صفا **(١٩١١ – ١٩٩٨)، ئەدیب و مێژوو نووس و مامۆستای زانکۆ بووە، (تاريخ ادبيات در ايران)ی لە هەشت بەرگدا چاپ و بڵاو کردۆتەوە، کە دوور و درێژترین کتێبێکە سەبارەت بە مێژووی ئەدەبی فارسی نووسرابێتەوە، تیادا پێڕەوی لە زنجیرەی ساڵنامە و سەدەکانی مێژووی ئیسلامی – کۆچی کردووە بۆ تۆمارکردنی چاخەکانی ئەدەبی فارسی، بەم شێوەیە:**

- **تاريخ ادبيات در ايران (جلد اول)، (از آغاز عهد اسلامى تا اوايل قرن هفتم هجرى).**
- **تاريخ ادبيات در ايران (جلد دوم)، (قرن هفتم و هشتم).**
- **تاريخ ادبيات در ايران (جلد سوم)، (قرن نهم وآغاز قرن دهم).**
- **تاريخ ادبيات در ايران (جلد چهارم)، (از آغاز قرن دهم تا سده دوازدهم هجرى).**

**................ بگەڕێوە بۆ:**

- **تاريخ ادبيات در ايران: جلد ١ تا ٨.**

**(١٠) قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی فارسی لەم کتێبەدا بەم چەشنە دابەش کراون:**

- **تاريخ ادبيات ايران در قد يميترين ازمنه.**
- **تاريخ ادبيات ايران بعد از اسلام.**
- **تاريخ ادبيات ايران از قرن پنجم تا هفتم هجرى.**
- **تاريخ ادبيات ايران از اوايل قرن هفتم تا اواخر قرن دوازدهم.**

**بڕوانە:**

- **تاريخ ادبيات ايران: ص : (سه – پنج).**

(١١) محمد تقي بهار **(**ملك الشعراء / ١٨٨٦ – ١٩٥٦**) و کتێبە ناودارەکەی:**

- **سبك شناسى يا** تاريخ تطور نثر فارسى، ٣ **جلد، چاپ هشتم،** ١٣٨٤.
- **هەروەها یەکێك لە شاگردەکانی بەهاریش کتێبێکی لەو بارەوە نووسیوە، بڕوانە:**
- فن نثر در ادب فارسى، دکتر حسين خطيبي، انتشارات زوار، ١٣٦٦.

**(١٢) سرويس شميسا، لە دوو کتێبە ناودارەکەی:**

- كليات سبك شناسى.
- سبك شناسى شعر.

(١٣) ادوار شعر فارسي: د. شفيع كدكنى.

(١٤) اشارات اولية في الشعر التركي: ٣.

- تاريخ الادب التركى: ٢١.

(١٥) تاريخ الاداب الاوروبية، ج١: ٢٧ – ٣١.

- ئەم دانـراوە یەکێکە لـەو کتێبـە گرنگانـەی سـەبارەت بـە مێـژووی ئـەدەبیاتی ئەوروپاییەکانـەوە نووسراوەتەوە. خۆی لە سێ بەرگدایە و لەلایەن زیاتر لـە (١٥٠) نووسـەر و پسپۆڕی زانکۆیی و ئەکادیمی و لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەوروپاوە ئامادە کراوە.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو: هەرسێ بەش.

(١٧) نظرية الادب: ٣٣٤.

(١٨) مێژوو نووسانی ئەدەبی عەرەبی کە پێڕەویان لەم ڕێبازە کردووە ئەمانەن:

- كارل بروكلمان، (تاريخ الاداب العربية).
- حسن توفيق العدل (تاريخ الادب العربي).
- حنا الفاخوري (تاريخ الادب العربي)
- جرجي زيدان (تاريخ اداب اللغة العربية)
- شوقي ضيف (تاريخ الادب العربي).
- حسن الزيات (تاريخ الادب العربي).

(١٩) ما التاريخ الادبي: ١٠.

(٢٠) المذاهب الادبية: ٧.

(٢١) گەلێك جار جۆرێك لـە ئـاڵۆزی و تێکەڵاوی لـە مەیـدانی (زاراوە)سازی لـە لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیـدا پێکـدێت، بەتایبـەت لەچـەمك و پێناسـەی (هونـەر، جـۆر، ڕەگـەز)ەکانی ئـەدەب لـە زمانـە جیاوازەکانـدا، بۆیـە بـە مەبەسـتی ڕوونکردنـەوە دەڵێین: (هونـەرەکانی ئـەدەب — واتـە — الفنـون الادبیە) کە بریتین لە دوو بەشە سەرەکییەکەی ئەدەب: (هونەری شیعر) و (هونەری پەخشان) کە هەموو سامان و بەرهەمەکانی ئەدەب لێیانەوە پێك دێن.

- (أنواع، أجناس، أشکال)ی ئەدەبی، مەبەست لێیان (ژانەر)ی ئەدەبییە بە واتا (جۆر، شێوە، چەشن)ە ئەدەبییەکان بۆ نموونە دەگوترێ:
- (جۆر، شێوە، چەشن)ەکانی هونەری شیعر بەپێی دابەشبەندییەکەی ئەرسـتۆ بـریتین لـە شـیعری: (لیریك، ئیبیك، دراماتیك، دیراکتیك).
- (جۆر، شێوە، چەشن)ەکانی هونەری پەخشان بریتین لە (پەخشانی هونەری، وتار،گوتـار، ژیننامـە، یاداشت، چیرۆك، ڕۆمان... تاد).
- (عناصر الادب) بە واتا (ڕەگەزەکانی ئەدەب) کە بریتین لە: ١- سـۆز، ٢- ئەندێشـە، ٣- بـیر (واتـا)، ٤- شێواز. بڕوانە:
- فنون الادب: ١٣ — ٣٣.
- النقد الادبي الحديث: ١٧٤ — ٢٠٣.
- النقد الادبي: ٤٤.

(٢٢) مدخل الى الادب العربي: ٩٨.

(٢٣) نظريـة الادب، عدد من البـاحثين السـوفيات، منشـورات وزارة الثقافـة والاعـلام، بغداد، ١٩٨٠.

(٢٤) بـه دروسـتی لام ڕوون نییـه کـه ژمـارەی تـەواوی ئـەم زنجیرەیـە چـەند کتێبـە، ئـەوەی لـە کتێبخانەکەی بەندەدا هەیە هەشت بەرگە.

(٢٥) کتێبەکانی د. شمیسا ئەمانەن:

- سير غزل در شعر فارسي.
- سير رباعي.
- انواع ادبي.

(٢٦) ما التاريخ الادبي: ١٤ – ٣٢.

(٢٧) جامعی ریسالەیان و حیکایەتان: ١٠٩.

(٢٨) ئەنجومەنی ئەدەبیان: ٥ – ٣٦.

(٢٩) :

- بەرهەمەکەی ڕەفیق حیلمی سـەرەتایەکی بایەخـدارە لـە لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی کـوردی، (شـیعری کوردی بەتایبەت).
- مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، عـلاء الـدین سـجادی و بەرهەمـەکانی دواتـری، کەرەسـتە و سـامانێکی دەوڵەمەندەیان پێکهێناوە لە بـواری مێـژووی ئـەدەب و ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوە و لایەنـەکانی دیکـەی ژیانی ئەدەبی و ڕووناکبیری کوردی.
- بەرهەمـەکانی د. عیـزەدین مسـتەفا، کـە لـەم مەیدانـەدا بایـەخێکی تایبـەتیان هەیـە وەکـو چـەند ئەڵقەیەکی لێك دابڕاو دێنە بەرچاو، هات و زنجیرە و قۆناغەکانی بەتەواوی و بەپێی ئـەو ڕێبـاز و میتۆدەی کە خۆی باوەڕی پێیـەتی کـەوتبا دەسـت دەبـووە کارێکی پوختـە و زانسـتی و تـەواو. دوا بەرهەمیشی کە بەرگی یەکەمیەتی لە زنجیرەیەکی (٨) بەرگی وەکـو خـۆی دەڵێـت، بـە ناونیشـانی (مێژووی ئەدەبی کوردی)، بریتییە لـە کۆکردنـەوە و لێکدانی (کۆلێکشـن)ی بەشـێك لـەو کتێـب و بـاس و بابـەت و وتارانـەی پێشـتر چـاپ و بـڵاوی کردوونەتـەوە. تەنانـەت بیروڕاکـانی پێشـووی سەبارەت بە چۆنییەتی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی لێرەدا وەك خۆی دووپات کردۆتەوە.
- مێژووی ئەدەبی کوردی د. مارف خەزنەدار، کارێکی ئینسایکلۆپیدیایی بایەخدار و دەوڵەمەندە بۆ بەرهەمی شیعر و شاعیرانی کورد و لەهەموویان تەواوترە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێبـاز و میتۆدەدا نین کە لە مێژوو نووسیەکەیدا پێڕەوی لێ کردووە.
- چەند بەرهەمێکی دیکە هەن کە بەمەبەسـتی ناسـاندنی شـیعرو ئـەدەبیاتی کـوردی لـەناو گـەلانی دەرو دراوسێ و هەر بە زمانی ئەوانیشەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، کە لـە شـێوەی گوڵبـژێر و هەڵبژاردەی بەرهەمی شیعرو شاعیرانی کوردەو لە مێژوو نووسی ئـەدەبی کوردیشـەوە نزیکـە ، لـە نموونەی :
- KÛrt Şiiri Antolojisi ,Selim Temo, 2cilt, Istanbul, 2007.
- انطولوجيا الشعر الكردي الحديث، اعداد وترجمة: عبدالله طاهر برزنجي، دار المسار، بيروت، ٢٠٠٨.

(٣٠) ئەدەبی نووسراو خاوەنی کۆمەڵێك ئەدگار و تایبەتمەندی ئەدەبییە کە لە ئەدەبی زارەکی (فۆلکۆر) جیای دەکاتەوە بەم شێوەیە:

١- لەڕووی مێژووییەوە لەدوای ئەدەبی فۆلکلۆری داکەوتووە و سەری هەڵداوە.
٢- ئەدەبێکی بەرز و پاراوە و زادەی ئەقڵ و زانیاری و ڕۆشنبیری و شارستانییە، لەڕووی واتا و دەلالەت و دارشتن و دەربرینەوە ئاستێکی بەرزتری هەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری.
٣- خاوەنی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و ڕێوشوێنی ئەدەبی و هونەرییە، لەوێنەی کێش و سەروا و وێنە و ناوەرۆك و قاڵب و ڕەوانبێژییەوە.
٤- زادەی بیر و بەرهەمی کەسێکی دیاریکراوە لە سەردەم و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا.
٥- لەڕۆژگاری داهێنان و تۆمار کردنییەوە وەکو خۆی ماوەتەوە و بووە بە میرات و سامانێکی نەتەوەیی.

لە بەرامبەردا ئەدگار تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بریتین لە:

١- ئەدەبێکی سەرزارەکی خەڵکی ڕەشۆکییە، دەما و دەم و پشتاوپشت گوێزراوەتەوە.
٢- لەڕووی زمان و دەربڕین و ناوەرۆکەوە سادەیە.
٣- شەقڵ و سیمای گەل و نەتەوە و ئەو دەور و زەمانەی پێوەیە کەتیایدا بەرهەم هاتووە.
٤- سامانێکی فرە و ڕەنگاوڕەنگە و لەناو جەماوەری بەرینی کۆمەڵانی خەڵکدا باو و بڵاوە.
٥- بەدرێژایی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەر هاتووە و شتی تازەی خراوەتە پاڵ و لێی زیاد کراوە.
٦- بەشی یەکەم و دێرین و بناغەی ئەدەبی نووسراوی هەر گەل و میللەتێك پێك دەهێنێ.

(٣١) مەبەست لەم بەرهەمانە ئەوانەن کە بەناوی (پۆڕاپۆڕ و هورمزگان و بابەراخی هەمزانی) یەوە ناسراون و لەکاتی خویدا د. کمال فوئاد لە وتارێکدا بە ناونیشانی (چۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی) گفتوگۆی لەبارەوە کردوون و بەڕاشکاوی بەر پەرچی داونەتەوە، (بگەڕێوە بۆ وتاری ناوبراو، گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (١٢)، کانوونی دووەمی ١٩٧٥). ئەو زانا زمانەوانانەش کە بەرپەرچیان داوەتەوە جگە لە د. کەمال فوئاد بریتین لە هەریەك لە:

- تۆفیق وەهبی: لەمەر بیروبۆچوونی ئەم زاتە سەبارەت بەو مەسەلەیە سەیری ئەم سەرچاوە بکە:
- (استطلاع رأي، مجلة شمس كردستان، العدد/ ٣، ١٩٧٣، ص ٨ – ١٠).
- د. جەمال نەبەز، لە کتێبی (زمانی یەکگرتووی کوردی)، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، ١٩٧٦، ل ٨٩.
- زانای فیلۆلۆژیستی کوردناس (د. ن. مەکەنزی)، خاوەنی کتێبی (لێکۆڵینەوەی زارەکانی زمانی کوردی – لەندەن، ١٩٦١ – ١٩٦٢). لەوتارێکدا بە ناونیشانی (زمانی کوردی کۆنی ساختە) هەمان بیر و بۆچینی تۆفیق وەهبی و جەمال نەبەزی دەربڕیوە. بگەڕێوە بۆ:
- استطلاع رأی: سەرچاوەی پێشوو: ص ١٠.

(٣٢) له هەرسێ كتێبی ناوداری (مێژووی ئەدەبی كوردی) سجادی و د. مارف خەزنەدار و د. عیزەدین، بابەتاهیر وەكو سەرامەد و دەستپێكی ئەو مێژووە جێگای گرتووە. بڕوانە:

- مێژووی ئەدەبی كوردی، علاء الدین سجادی، چ: ل ١٧٠.
- مێژووی ئەدەبی كوردی، د. مارف خەزنەدار، ب١: ل: ١٨٤.
- مێژووی ئەدەبی كوردی، پ. د. عیزەدین مستەفا: ٥٧.

(٣٣) د. عیزەدین مستەفا لەو پیشەكییەی كە بۆ كتێبی (ئەدەبیاتی نوێی كوردی) نووسیویە، گفتوگۆ و موناقەشەیەكی دامەزراندووە سەبارەت بە ڕێچكە و ڕێبازی گونجا و سەبارەت بە مێژوونووسیی ئەدەبی كوردی و بەو ئاكامە گەیشتووە كە دەڵێ: (تازەترین دابەشكردنی قۆناغەكانی ئەدەبیاتی گەلان ئەو دابەشكردنەیە كە مێژووی ئەدەبیات بەپێی قوتابخانەی ئەدەبی دابەش دەكات، ئەمە بۆ ئەدەبیاتی كوردیش دەگونجێ)، ئەنجا هەر لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێ: (كەواتە بەپێی قوتابخانە دابەشكردن لە زۆر ڕووەوە زانستیانە ترە و خۆ جیا نەكردنەوەیە لە جیهانی نوێ و شارستانی و دەستكەوتەكانی و تەواو بۆ ئەدەبیاتی كوردیش دەگونجێ و هاوكێشی گشتی و تایبەتی بە باشی دێنیتە دی). ئەنجا لە دوا كتێبیشی كە (٢٢) ساڵ لە دوای ئەمەوە دێت هەمان بیروڕای جارانی وەك خۆی دووبارە كردۆتەوە، بڕوانە:

- ئەدەبیاتی نوێی كوردی: ل ٢٨.
- مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی یەكەم: ٤٩.

(٭) ئەدەب وەكو زاراوەیەكی هونەری هەردوو پێكهاتەی (هونەری شیعر و پەخشان) دەگرێتە خۆ، بەڵام زۆر جار وەكو ناوێكی ڕەها بە باڵای شیعردا بڕاوە، لێرەوەش ئەم پێڕەوە ڕەچاوە كراوە، وەكو چۆن لە زۆر شوێن لە مێژووی ئەدەبی كوردی تێبینی دەكرێت.

(٣٤) ادب كردی گورانی: ٣٧٤.

(٣٥) گۆران — نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەكانی: ١٥٨.

(٭) ئەم چەند خاڵە بنەماكانی یەكلاكەرەوەی ئەم قوتابخانە ئەدەبیە پێك دەهێنین و لە بەشەكانی قوتابخانەكانی دواتری ئەدەبی كوردی دایدەبڕێنن.

(٣٦) ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە) لە شێوەی سلێمانیدا: ل ١٢.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو: ص ٤٠.

(٣٨) مامۆستامان د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە نووسینەكانیدا پێداگری لەسەر ئەوە دەكات: (كە دیالێكت یەكێكە لە فاكتەرە لاوازەكانی ڕوخسار و ناوەڕۆكی ئەدەبیات...)، لەكاتێكدا لە ڕەخنەی تازەدا زمان و شێواز یەكێكە لە بنەما بنچینەییەكانی، ئەنجا لێرەدا ئەمە بە تەنها دیالێكت نییە كە سنوور بۆ ڕوخسار و ناوەڕۆكی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە دەكێشێت، بەڵكو دیالێكت لێرەدا بووە بە زمانێكی ئەدەبی، یەكێكە لە كۆمەڵێك تایبەتمەندی و هۆكاری

تێکهەڵکێشـراوی گرنگـی ئـەدەبی و مێـژوویی کـە باڵیـان بەسـەر تـەواوی ئـەو قۆناغـەدا کێشـاوە. بگەڕێوە بۆ:

- ئەدەبیاتی نوێی کوردی: ل ٢٢.
- نالی هەر لە لوتکەدایە: ل ٧٠.

(*) بەدوور خستنەوەی یەك تاکە ئێستیسنا ئەویش لایەنی کێشە لە دوو بەیتییـەکانی بابا تـاهیر، کـە ئەویش تاوەکو ئەمڕۆ گفتوگۆی لەبارەوە هەیەو وەکو دەڵێن هەر بە تەنیا ( عەرووز ) نابێتە بنەما بۆ پۆلینکردنی شیعرێك یا شاعیرێك بەکلاسیکی. بڕوانە:-

- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی: ١٠٦ .

(٣٩) مەلای جزیری – شتێك دەربارەی ژیان و بەرهەمی: ل ٨٩ – ٢٢١.

(٤٠) ئەگـەر کلاسـیزم وەکـو چـەمك و پێناسـە و وەکـو پێڕەوێکـی ئـەدەبی و هونـەری بـریتی بێـت لـە کۆمـەڵێك یاسـا و ڕێسـای چەسـپاو و بنـەما و داب و دەسـتووری ئـەدەبی و هونـەری وا بەسـتە بـە سامانی ئەدەبێکی لە مێژینە، ئەوا بێ دوودڵی ئەم زاراوەیە دەشێ بەسەر بەشێکی شـیعری کـوردی دا ببرێـت لـە هـەردوو قوتابخانـەی کرمـانجی و بابـانی. بـەڵام بـۆ ئـەدەبی کـوردی وەکـو قۆنـاغێکی ئەدەبی هاوچەشن و یەکگرتووی دیاریکراو ناگونجێت و ناشکرێ بەزۆری زۆردار بسـەپێنین، تـەنها لەبەر دوو هۆکاری سادە و ساکار ئەویش ئەمانەن:

١- قوتابخانەی ئەدەبی گۆرانی ناچێتە ژێر چەمك و پێناسـە و دەواری ئـەدەبی کلاسـیکییەوە نـە لە ڕووی ڕوخسار و نە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

٢- کلاسـیزم لـە ئـەدەبی کوردیـدا زادەی ئـاین و سـەقافەتی عـەرەبی و ئیسـلامییە کـە تـاوەکو ڕۆژگاری جزیری و هاوچەرخەکانی وەکو دیاردە لـە ئـەدەبی کوردیـدا بـوونی نییـە و ناشـکری مامەڵـەی شـیعری کلاسـکی لەگـەڵ دوو بەیتییـەکانی بابـا تـاهیردا بکـەین هـەر لەبـەر ئـەوەی کێشـەکەی عەرووزییـە، چـونکێ تایبەتمەندییـە هاوبەشـەکانی لەتـەك قوتابخانـەی گـۆڕان زۆر لـەوە زیـاترن کـە بـە شـیعری کلاسـیکی کـوردی دەبەسـتێتەوە. هـەروەها واقیعـی تایبـەتی و مێژوویی ئەدەبی کوردی پێمان دەڵێ کە قوتابخانەی گۆران بـە پێشـینەی قوتابخانـەی ئـەدەبی کرمانجی داناندرێ، بڕوانە:

- قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی: ل ٣٦ – ٤٠.

(*) بابان یاخود بابانی لەیەك کاتدا دیاردی بۆ سێ لایەن دەکات:

- وەکو میرنشینێك کە سەردەمانێك لە بەشێکی کوردستاندا حوکمڕان و پایەدار بووە.
- وەکو بنەماڵە و خانەدانێك کە فەرمانڕەواو دەسەڵاتداری ئەو میرنشینە بوون.
- وەکو زمانێکی ئەدەبی کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە.

(٤١) شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: ل ٥٨.

- شێواز و ئاخاوتنی سلێمانی نە لە ئەوسا و نە لە ئێستاش دا (بابانی) نییە، خەڵکی سلێمانی لەو سەردەمەدا شێوە ئاخاوتنێکی تێکەڵاوی لە (گۆرانی و ئەردەلانی و شارباژێڕی) هەبووە، لە ئێستاشدا شێوەیەکی شێواوی بابانییە، (بابانی) خۆی لەو سەردەمەدا شێوە ئاخاوتنی بنەماڵەی میرەکانی بابان و خەڵکی ناوچەکانی شارباژێڕ و پشدەرو ئالان و سیوەیل بووە و دەستەی یەکەمی شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە: (نالی، سالم، نەفعی، کوردی، مەلا وەسمان،) زمانە شیعرییەکەیان بەم شێوەیە پژاوە و گۆش کراوە.

بگەڕێوە بۆ:

- ئەسڵی پیتە قالبی (ئە) لە شێوەی سلێمانیدا: ل ٥٨.

(٤٢) شێوازی شیعری جزیری: ل ٧٧.

(٤٣) بۆ مەسەلەکانی تایبەت بە پۆلینکاری و بەش بەش کردنی ئەزموونەکانی ئەدەبی کوردی وەکو مۆدێلێك بۆ مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی، د. بەختیار سەجادی لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەوبارەیەوە کە لە (کۆڕی نێونەتەوەیی کوردی) پێشکەش کراوە، کۆمەڵێك بیر و بۆچوونی خستۆتە ڕوو و پێشنیار کردووە، کە ئێمە بیر و ڕای جیاوازمان لەو بارەوە هەیە، بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بگەڕێوە بۆ:

- کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی ئەدەبی کوردی: ل ٢٥١.

(٭) هات و پێ لەسەر ئەوەدا بگرێت کە شاعیرانی لەك و لوڕ، لەوانەش بابا تاهیر ناچێتە نێو ئەزموونی ئەدەبی (گۆران)ەوە، ئەوا دەکرێ وەکو ئەزموونێکی پێش قۆناغی یارسان لە دەرەوەی ئەو قوتابخانەیە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، وەك ئەوەی دواتر دێینە سەری.

(٤٤) ئەوانەی کە بە (ئەزموونەکانی شیعری کوردی) لە هەر قوتابخانەیەك داومانەتە قەڵەم، نموونەی پراوە و مۆدێلێکە کە ئێمە لە یەکەم باری سەرنجدا تێبینیمان کردووە، بێگومان لە کەم و کورتی بەدەر نییە، دەشێ ئەم ئەزموونانە لەلایەن مێژوونووسی ئەدەبی کوردییەوە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و تۆکمە و ورد پۆلینبەندی بکرێنەوە.

(٤٥)

- باباتاهیر لەگەڵ ئەوەی خۆی لە بنچینەدا لوڕی ناوچەی هەمەدانە، بەڵام دوو بەیتییەکانی لە ڕووی ئاوێتە بوون و پێشوازیکردنی لە بیر و نەریتەکانی ئایینی یارسانی تێکەڵ بە سۆفیزمی ئیسلامی، لەڕووی پراکتیکییەوە بەزمان و شێوەزارێکی لوڕی – گۆڕانی هۆنیوەتەوە، ئەمڕۆ وەکو بەشێك لە ئەدەبیاتی ئەو ئایینە حسابی بۆ دەکرێت . تەنانەت (کاکەیی) یەکانی مەندەلی باوەڕیان وایە کەوا بابەتاهیر لە کوردانی کاکەییە ، هەربۆیەش گومەزو مەزارێکیان لە نێو باغەکانی گەڕەکی (قەلەم خاج) لە شارۆچکەی مەندەلی بۆ سازکردووە کە بە چاوێکی بەرزو پیرۆزەوە لێی دەڕوانن . بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بگەڕێوە بۆ:

- نوشتەهای پراکندە دربارە یارسان، صدیق صفی زادە بورکەئی، تهران، ١٣٦٠. -

بەرصیصی عابید : ١٠

بەڵام ئەگەر هات بە پێچەوانەوە پێ لەسەر لایەنی تیۆری دابگرین ئەوا بەچەند دەلیل لە قوتابخانەی ئەدەبی گۆران دادەبڕێت، لەبەر ئەوەی:

١- هات و شوناسی زار و زمانی دوو بەیتەکانی بە (لوڕی) پێناسە بکرێت، ئەوا دەکەوێتە دەرەوەی سنووری زمانی ئەدەبی کوردی خوارووی کە (گۆران)ییە.

٢- جیاکاری دووهەمی دووبەیتییەکانی بابا تاهیر لەگەڵ ئەدەبیاتی گۆران لەوەدایە، کە لەسەر کێشی عەرووزی هۆنراونەتەوە.

٣- شەقڵی زاڵی کێشی شیعری یارسان لەوەدایە کەوا (١٠) بڕگەیین و هەر دێرێکی لەدوو هەنگاوی (٥ + ٥) پێك دێت کە وەستان لە ناوەڕاست دایە. لە بەرامبەردا کێشی شیعرەکانی بابا تاهیر (١١) بڕگەیین لەگەڵ کیشی (هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف) ڕێك دێتەوە.

(٤٦) لە ڕۆژهەڵاتناسان (ئەدوارد براون) و (ئۆسکارمان)، لە توێژەرانی کوردیش (د. کەمال فؤاد) و (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، بە گومانەوە دەڕواننە کوردبوونی لوڕەکان و باباتاهیر و کوردی بوونی دیالێکتەکەیان، بگەڕێوە بۆ سەرچاوەکانیان:

- تاریخ الادب فی ایران: ٣٢٣

- چۆن ئەگەینە سەرەتایەکی باوەڕ پێکراو بۆ ئەدەبی کوردی: ٢٣.

- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین: ٢٢٨ – ٢٢٩.

لەبەرامبەردا بەشی هەرە زۆری مێژوونووسانی کورد و بیانی لە وێنەی (شەرەفخان، عەلی سەیدۆ گۆرانی، ئەلمەسعودی، ئیبن قوتەیبە، تەبەری... ڕاوۆلف، ریچ...) لوڕەکان بە بەشێك لە کورد و زمانەکەشیان بە کوردی دەزانن. بۆ نموونە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

- اللر ولرستان: ١٠٨.

(٤٧)سەدیق بۆرەکەیی (١٣) شاعیر و کەسایەتی ئەدەبی کوردی بەر لە بابەتاهیر و بەدەیانی دیکەی لە دوای بابەتاهیر هێناوەتەوە کە بەپێی زنجیرەی مێژوویی ژیاون و شیعر و بەرهەمی ئەدەبیشان لەبەر دەستدان، تا دەگاتە (مەلا پەرێشان) کە لە نێوان (١٣٥٦ – ١٤٢١ز)دا ژیاوە و ئەمڕۆ بەرهەم و شیعر و دیوانی لەبەر دەستدایە، ئەنجا دوای ئەوەش زنجیرەکە بەردەوام دەبێت، بگەڕێوە بۆ:

- مێژووی وێژەی کوردی، ب١: ٤٧ – ٨٢، ١٥٢ – ٣٧٥.

- دیرۆکا وێژەیا کوردی: ٥١ – ١٠٩، ١٣٣ – ٢١٠.

- بۆ یەکەم جار ((میر جەلادەت بەدرخان (هەرکۆل ئازیزان)،(١٨٩٧-١٩٥١ ز) لە وتارێکیدا لەژێر سەردێری (کلاسیکێن مە ) ، کە بە لاتینی نووسیویەتی ، زاراوەی (کلاسیك) ی وەکو (

زاراوەو تێرم ) بۆ قۆناغێکی مێژوویی ئەدەبی کوردی و بـۆ پۆلێـك لـە شـاعیرانی  کـۆنی کـورد لـە وێنەی : (عەلی حەریری ، فەقێی تەیران ، مەلای جزیری ، ئەحمەدێ خانی ، حاجی قـادری کـۆیی ... تاد)) بەکارهێناوە . بگەڕێوە بۆ : گۆڤاری هاوار : ٨١٠

(٤٨)لـەم جـۆرە قۆناغبەنـدی کردنـەدا تەنانـەت دەتوانـدرێت لـە شـێوەی سـەدە و سـاڵنامە سـنووری تەقریبی نێوان قۆناغەکانیش دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیە:

١- ئەدەبی کۆنی کوردی (سەدەی ٨ تاکو سەدەی ١٨ی زاینی).

أ- لەك و لوڕ (لە بالوولی ماهییەوە بۆ بابەتاهیر و دواتر).

ب- ئەدەبی گۆران (لە سوڵتان سەهاکەوە بۆ مەولەوی).

٢- ئەدەبی کلاسیکی کوردی: (سەدەی ١٧ بۆ سەدەی ٢٠ی زاینی).

أ- قوتابخانەی کوردی باکوور (لە فەقێ تەیرانەوە بۆ شێخ تەهای مائی).

ب- قوتابخانەی کوردی ناوەڕاست — بابان (لە عەلی بەردەشانییەوە بۆ شێخ نووری).

٣- ئەدەبی نوێی کوردی: (١٩٢٠ – ١٩٧٠).

٤- ئەدەبی هاوچەرخی کوردی: (١٩٧٠ – تا ئێستا).

## سەرچاوەکان

## أ/ کوردی

١- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاء الدین سجادی، بەغدا، ١٩٦٨.

٢- ئەنجومەنی ئەدەبیان، ئەمین فیضی بەگ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣.

٣- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزالدین مستەفا ڕەسووڵ، مطبعة التعليم العالي/ أربيل، ١٩٩٠.

٤- ئەسڵی پیتە ڤاڵبیی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، تۆفیق وەهبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣.

٥- ئەنتۆلۆژیا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (بەلاتینی).

٦- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، کتێبی یەکەم، الدار العربية للعلوم ناشرون، بیروت، ٢٠١٢.

٧- بەرصیصی عابید ،بلاڤ کرنا : عبدالرەقیب یوسف ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر، ٢٠٠١.

٨- تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، پ. قەناتی کوردۆ، ئەستەمبۆل، ١٩٩٢، (بەلاتینی).

٩- جامعی ریسالەیان و حیکایەتان، مەلا مەحموودی بایەزیدا، وەرگێراو لە (چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی) ڕەشید فندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٠- چۆن ئەگەینە سەرتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی، د. کەمال فؤاد، گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژمارە (١٢)، کانوونی دووەم ١٩٧٥.

١١- دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی، محەمەد ئۆزۆن، ئەنقەرە، ١٩٩٢، (بەلاتینی).

١٢- ديرۆكا وێژەيا كوردى، فەقێ حوسێن سانگيچ، وەشانێن ئينستيتويا كوردى، ستانبۆل، ٢٠٠٢، (بەلاتينى).

١٣- ديدارى شيعرى كلاسيكى كوردى، حەمە سەعيد حەمە كەريم، بەغدا، ١٩٨٦ .

١٤- زمانى يەكگرتووى كوردى، د. جەمال نەبەز، بلاوكراوەى يەكێتى نەتەوەيى خوێندكارانى كورد لە ئەوروپا، ١٩٧٦.

١٥- شيعر و ئەدەبياتى كوردى، ڕەفيق حيلمى، مطبعة التعليم العالي/ اربيل، ١٩٩٨.

١٦- شيعرى كوردى – ژيان و بەرهەمى شاعيرانى، د. عيزەدين مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٨٠.

١٧- شێواز لە شيعرى كلاسيكى كورديدا، حەمە نورى عومەر كاكى، مەڵبەندى كوردۆلۆجى، سلێمانى، ٢٠٠٨.

١٨- كلاسيكێن مە ، هەركول ئازيزان ، گۆڤارى هاوار ، هەژمار (٣٣)، سالا (٩) ،١٩٤١.

١٩- شێوازى شيعرى جزيرى، شەعبان چالى، دەزگاى سپيرێز، دهۆك، ٢٠٠٨.

٢٠- قۆناغى پێش ڕۆمانسيزمى شيعرى كوردى، ئيدريس عەبدوڵلا مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢١- كۆمەڵە وتارى يەكەمين كۆڕى نێونەتەوەيى ئەدبى كوردى، زانستگاى كوردستان، سنە، ٢٠١٠.

٢٢- كۆ وانەكانى دكتۆرا (بابەتى ڕەخنەى ئەدەبى)، د. مارف خەزنەدار، كۆليجى زمان، زانكۆى سەلاحەدين، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢٣- كۆيە و شاعيرانى، كەريم شارەزا، بەغدا، ١٩٦١.

٢٤- گلدەستەى شعراى هاوعصرم، على كمال باپير اغا، سلێمانى، ١٩٣٩.

٢٥- گوڵچينى شێعرى شاعيرانى كورد، ناوەندى بلاوكردنەوەى فەرهەنگ و ئەدەبى كوردى، ٣ بەش، اروميه، ١٣٧٩ – ١٣٨١.

٢٦- گۆران – نووسين و پەخشان و وەرگێڕاوەكانى، ئومێد ئاشنا، دەزگاى چاپ و بلاوكردنەوەى ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢٧- لەبابەت مێژووى ئەدەبى كوردى يەوە، د. مارف خەزنەدار، المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.

٢٨- لێكۆڵينەوەى ئەدەبى فۆلكلۆرى كوردى، د. عيزەدين مستەفا ڕەسووڵ، چاپى دووەم، بەغدا، ١٩٧٩.

٢٩- مەلاى جزيرى - شتێك دەربارەى ژيان و بەرهەمى، د. عيزەدين مستەفا ڕەسووڵ، هەولێر، ١٩٩٠.

٣٠- مێژووى ئەدەبى كوردى، علاء الدين سجادى، چاپى دووەم، بەغدا، ١٩٧١.

٣١- مێژووى ئەدەبى كوردى، د. مارف خەزنەدار، ٧ بەرگ، دەزگاى چاپ و بلاوكردنەوەى ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١ – ٢٠٠٦.

٣٢- مێژووی وێژەی کوردی، سدیق بۆرکەیی، چاپی دووەم، ٣ بەرگ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.
٣٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، پ. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

## ب/ عەرەبی

٣٤- انطولوجيا الشعر الكردي الحديث، اعداد وترجمة: عبدالله طاهر برزنجي، دار المسار، بيروت، ٢٠٠٨.
٣٥- تاريخ الادب التركي، محمد فؤاد كوبريلي، ت/ عبدالله احمد ابراهيم الغرب، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، القاهرة، ٢٠١٠.
٣٦- تاريخ الادب العربى، حنا الفاخورى، المطبعة البولسية، بيروت، لبنان، ١٩٥٣.
٣٧- تاريخ آداب اللغة العربية، جرجي زيدان، (٤ اجزاء)،
٣٨- اسطلاع راي، د. كمال فؤاد، مجلة (شمس كردستان)، العدد (٣)، السنة الثانية، آذار ١٩٧٣.
٣٩- اشارات اولية في الشعر التركي، عبد اللطيف بندر اوغلو، دار الجاحظ للنشر، غداد، ١٩٨٣.
٤٠- تاريخ الاداب الاوروبية، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: صباح الجهيم، ٣ اجزاء، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢.
٤١- تاريخ الادب العربي (العصر الجاهلي) د. شوقي ضيف، ط ٣، دار المعارف بمصر، القاهرة، سنة؟
٤٢- تاريخ الادب العربي للمدارس الثانوية والعليا، احمد حسن الزيات، ط ٩، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٥.
٤٣- تاريخ الادب الكردي الحديث والمعاصر، ريوي، ج١، بيروت، ١٩٩٠.
٤٤- تاريخ الادب في ايران، ادوارد جرنفيل براون، ٥ اجزاء، ترجمه الى العربية: احمد كمال الدين وآخرون، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، القاهرة، ٢٠٠٥.
٤٥- صفحات من الادب الكردي، روشن بدرخان، بيروت، ١٩٥٣.
٤٦- فنون الادب، د. محمد حسن عبدالله، دار الكتب الثقافية، الكويت، ١٩٧٨.
٤٧- في نظرية الادب، د. شكري عزيز ماضي، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٨.
٤٨- اللر و لرستان، على سيدو **الگورانی**، مجلة المجمع العلمي الكردي، المجلد الثاني – العدد الثاني، ١٩٧٤.
٤٩- ما التاريخ الادبي؟، كليمان موازان، ترجمة: د. حسن الطالب، دار الكتاب الجديد، بنغازي، ٢٠١٠.
٥٠- مدخل الى الادب العربي، د. سليمان معوض، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس – لبنان، ٢٠٠٨.
٥١- المدخل الى علم الادب، د. حمدي علي الهمداني، ط٢، دار المسيرة للنشر، عمان، ٢٠١٠.

٥٢- المذاهب الادبية، د. جميل نصيف التكريتي، دار الشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٩٠.
٥٣- موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، د. معروف خزنەدار، ترجمة: د. عبدالحميد شيَخو، سوريا، حلب، ١٩٩٣.
٥٤- معجم الشعراء الكرد، حمدي عبدالمجيد السلفي – تحسين ابراهيم الدوسكي، دار سپيريز للطباعة، دهوك، ٢٠٠٨.
٥٥- موسوعة نظرية الادب، مجموعة من الباحثين، ترجمة: د. جميل نصف التكريتي، دار الشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.
٥٦- النقد الادبي، احمد امين، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٧.
٥٧- النقد الادبي الحديث، د. محمد غنيمي هلال، دار العودة، بيروت، ١٩٨٧.
٥٨- نظرية الادب، اوستن وارين – رينية ويلك، ترجمة: محي الدين صبحي، المجلس الاعلى لرعاية الفنون، بيروت، ١٩٧٢.
٥٩- نظرية الادب، عدد من الباحثين السوفييت، ترجمة د. جميل نصيف التكريتي، وزارة الثقافة، بغداد، ١٩٨٠.
٦٠- الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، المكتبة العصرية، بيروت، سنة؟

## جـ/ فارسی

٦١- **ادب كردی گورانی، جميل روژبيانی، مجله (ژين)، شماره (٣)، ت٢ ٢٠١١.**
٦٢- **ادوارد شعر فارسی، محمد رضا شفيعی كدكنی، انتشارات سخن، تهران، ١٣٨٠.**
٦٣- **انواع ادبی، د. سيروس شميسا، چاپ دهم، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨٣.**
٦٤- **تاريخ ادبيات ايران، د. ذبيح الله صفا، چاپ بيستم، ٨ جلد، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨١ - ١٣٨٣.**
٦٥- **تاريخ ادبيات ايران، جلال الدين همايی، مؤسسهٔ نشر نما، تهران، ١٣٧٥.**
٦٦- **تاريخ ادب و فرهنگ موكريان، ابراهيم افخمی، ٢ جلد، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٧٣.**
٦٧- **سبك شناسی، محمد تقی بهار، مؤسسهٔ انتشارات امير كبير، ٣ جلد، تهران، ١٣٨٤.**
٦٨- **سبك شناسی شعر، د. سيروس شميسا، نشر ميترا، تهران، ١٣٨٣.**
٦٩- **شاعران كرد پارسی گوی، سيد عبدالحميد حيرت سجادی، نشر احسان، تهران، ١٣٧٥.**
٧٠- **شيوهای نقد ادبی، ديويد ديچز، ترجمة: محمد تقی صدقيانی – د. غلامحسين يوسفی، چاپ پنجم، انتشارات علمی، تهران، ١٣٧٩.**
٧١- **كليات سبك شناسی، د. سيروس شميسا، نشر ميترا، تهران، ١٣٨٤.**
٧٢- **گلزار شاعران كردستان، سيد عبدالحميد حيرت سجادی، چاپخانه رامين، تهران، ١٣٦٤.**
٧٣- **نوشتەهای پراكنده درباره يارسان و اهل حق، صديق صفی زاده بوركەئی، تهران، ١٣٦٠.**

## د/ توركی

٧٤- KÛrt Şiiri Antolojisi ,Selim Temo, 2cilt, Istanbul, 2007.

View publication stats